شیعر

# ئەو ڕۆژانەی
# لەباڵی پەپوولە دەچن !

بەندی عەلی - ٢٠٢٠

ئەو ڕۆژانەی لەباڵی پەپوولە دەچن
بابەت : پۆستەرە شیعر
نووسەر: بەندی عەلی
تایپ و دیزاین : نووسەر
تیراژ: (٥٠٠ ) دانە
-نرخ : (٣٠٠٠) دینار
چاپ : چاپخانەی کارۆ
لەبەڕێوبەرێتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ( ٢٠٠٤ ) ی ساڵی ٢٠٢٠ ی پێدراوە
ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی بەڕێوبەرایەتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی سلێمانی لەوەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان چاپ کراوە .

سەرەتا ..

ئەم کتێبە جودا لە هەموو کتێبەکانی تر ، ئەمجارە تەرخانمکردووە بۆ ئەو دەقانەی دوور لەمەراقەکانی ژیان و تەنها لەباڵی پەپوولە دەچن .. گوزەرێکی ئێوارانی ئەرخەوانی بەباخەکانی عیشقدا .. لێرەشەوە

گوڵزارێك ڕێزو دەریایەك سوپاس بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی بەجۆرێك لەجۆرەکان ، دەستی لوتف و هاوکاریان بۆ درێژ کردم

بۆ چاپکردنی ئەم کتێبە .. بەتایبەتی بەڕێزان ؛

١- مامۆستا ئەیوب رۆستەم

٢- مامۆستا محمەد کوردۆ

٣- مامۆستا ئەریوان سیوەیلی و ستافە جوانەکەی

٤- خوشکی بەڕێزم چیا خان ( بەشی ڕاگەیاندن )

٥- برای بەڕێز کاك عەتای چاپخانەی کارۆ

جا چییە، گەر بەفری تەمەن ،
دوندی سەرم داگیر بکات .
من عاشقی ژنە هەورێکی ئەسمەرم ،
ڕێژنە بارانی عیشقی خۆش ناکاتەوە ..
ئەی گوایە ئێوە نازانن ،
هەر بارانەو
بەفری کۆسار دەشواتەوە .. !؟

غرورت ئەشکێنم ئەی بەرد
بەچەکوشی خەیاڵ و خامەی
ناخ لێوانلێو لەسۆزی مێ ..
ئەڵێم .. بەڵکو ،
پەیکەرێکت لێ دروستکەم
لانی کەم لەشێوەی دڵێ ..
ئاخر ئەز دڵنیام .. ئەی بەرد ,
ئەی بێ سەلیقەی گرژو مۆن
هەر دڵێ مێی تێدا نەبێ
نەسلی تۆیە .. بێ چەن و چۆن !!

گوڵ ئەفرۆشم ..
تا برسێتی .. چۆکم شل و
گەردنم پێ کەچ نەکات و
هیچ دەستێکیش ..
بۆسە بۆ عیزەتی دەمم نەنێتەوە
گوڵ ئەفرۆشم .. تاکو ئێوەش
عیشقتان بیر نەچێتەوە ..

کەمێ هێواش هەناسە بە
ئازیزەکەم ..
وەک پەپوولە پاییزەیەک
هەر یەک دەنك ،گەنمی عومرم پێوەماوەو
بەگوژمی فوویەکی حەسرەت
ڕەنگە هەلاهەلا ببم ..

هەموو شەوێ ..
حەز ئەکەم لە ژێر بالیفی
پێڵوی دییەمدا بخەوی
گوڵم ، نەبا خوا نەکردە
وەبەر تیری نەزەرێکی بەدکارکەوی
ئاخر کاتێ  تۆ دەخەوی ،
دەڵێی بووکی ئەفسوناویی
دەریای شەوی ..

نیوەی زیاتری تەمەنم
بەدیار دار ئەرخەوانێکەوە بەسەربردو
دەترسم گوڵ نەگرێ ، هەتا
نەبێ بەچەتری گۆڕەکەم ..

کەتەنیایی ..
رۆژویەکی بەزۆر سەپێنراوە ، گوڵم
زوو .. بیشکێنە
نەئەجری هەیەو نەسەواب
گوێ بە کێوی عومریش مەدە
لەکوێی ئەو دای ..
لەئاوێنەی چاوی عیشقا ،
ئەوەی زەفەر بەپێوانەی جوانی نابات
گاپێڵەکانی تەمەنەو
دۆندی بەفر پۆشی پیری ..

لەجەنگی ساردی ژیانا
سەعاتە چاڵمەکەی تەمەن
بێ ئەوەی دەستی بلەرزێ
میلی چرکەژمێرەکەییم
لێ ئەهێنێتەوە سەرپێ ..
وەلێ ئاواش هەرچاوەڕێی
ڕازدەکەم .. بێ !

کێوی تەمەن تا ناوقەدی بەفرپۆشە ..
وەلێ ناخم
دەست لەخەونی بەهارانە هەڵناگرێ و
هەموشەوێ لەمن وایە .. لەگەڵ تۆیا
سبەینێ ڕۆژێکی خۆشە ..

کازیوه بوو ،
هەنگە زەردەکانی هەتاو
ئاڵابوونە گوڵە باخێ ..
بەلایاندا تێپەڕیم و
بەیانی باشم لێکردن ،
بە لێوی پڕ لە خەندەمەوە ..
مەشغەڵەتی فەرمانی ماچ ،
هێندە سەرقاڵی کردبوون
هیچیان بۆیان نەسەندمەوە ..
ئاخر .. دەڵێن
بەپێی ڕێنماییەکانی باخ ..
لەسەروەختی کاری عیشقا
گفتوگۆ یاساغە ، یاساغ !

چ خۆشخەیاڵیەکە ئەی یار
ئەوینی  نێوان گوڵ و خار..
چ سەرابێکە ، ڕەونەقی
ئاگر بۆ پەپوولەی بێدار..
چ وەهمێکە ، چاوەڕوانیی
زوڵفی پەخشانی ئومێدی
تۆی شۆڕەبی
بۆ مرووەتی ڕەشەبای هار
چ خۆشخەیاڵیەکە ئەی یار،
ئەوینی نێوان گوڵ و خار!

کەزی
ئاڵای چەنگاوەرێکی ئازادە
نە ڕەشەبای خەڕەندەکانی عەیب و عار
دەیترسێنێ ..
نە حیشمەتی هیچ سەرپۆشێ
لەکەروێشکەی دەمەو بەهارانی ئەکات
نەمقەستی کولی فەتواش
لەسەمای فڕینی ئەخات .
چاو
دەروازەی باخی عیشقەو
برۆ ... سنوور
ئەگەر ڤیزەی دڵی ژنێکت پێ نەبێ
مەحاڵە لەشکری برژانگ ببەزێنی و
سان بەنێویا ، بەرەو بەهەشتی خۆشنودی
بکەی .. عبوور !

چاو .. شێوەزاری خێڵێکی
کێو نشینی هەوارێکی چەپەر نیە
زمانی .. هەموو دنیایە
ئەوەی لەو زمانە نەگا
دڵنیا بن .. نابینایە .

چاو .. هەندێ جار
بەدەست ڕاوچیەکی شەنگەوە
ڕمێکی نەرم و نیانی بەڕەونەقە
وەلێ بەیەک گوژمی غەمزە
هەپروون بەهەپرووونی ئەکا
کام زەنگۆڵەی دڵی ئاسنینی ڕەقە .

لێو .. پەڕەیەکی تایبەتەو
هیچ ووشەیەکی تری سادە
لەسەری تۆمار ناکرێ
غەیری کۆدی نهێنی ماچ .

لێو .. ڕەهێڵەی
هەزارو یەک خواست و نیاز
دەبارێنێ ، بەڵام هیچیان
پەڵە بەدەشتی دڵ نادەن
وەکو وەشتی .. خۆشم دەوێی .

ئەو دەمەی گوڵ
بۆ هەنگێکی غەریب ئەدوێ
ئەم هەنگە پیرەی دڵی من
ژەهری ئیرەیی لێ ئەڕژێ .

خۆزگە بەر لەسفری زایین
بمناسیبای
ئاخر گوڵم
دەترسم یەک تەمەن بەشی
عیشقت نەکات .

گەمەیەکی ترسناکە لەگەڵ گڕدا ،
هەندێ جار عیشق .
سەمایەکە ،
لەسەر کێشی نوکی پەنجە ،
بەنێو پارچە ووردو خاشەکانی دڵا
هەندێ جار .. عیشق

زۆرانبازیەکی سەختە
لەگەڵ زریانی قەدەراو
هەر دۆڕاوی ..
هەندێ جار .. عیشق .

تولە ڕێیەکی مین ڕێژە
بەرەو دوا سەنگەری مردن
هەندێ جار .. عیشق .

ئەو پەڕی بێ .. مانایيە
داوای عوزرخوایی لێکەی
کاتێ کەدێ
هەندێ جار.. عیشق .

دوا ترۆپکی سەرشێتیەو
نەتەفسیری هەیە ، نەهۆ
هەندێ جار.. عیشق .

وەلێ جەنگێکی پیرۆزەو
ئەبێ .. بکرێ
هەندێ جار.. عیشق .

بەبەر چاوی
رەقیبانی دۆزەخەوە
سوپای ماچت بۆ دەنێرم ،
لەدێراوی تەوێڵتەوە ، داگیری کەن
تا ئەوپەڕی باخی جەستەت
جاچی دەکەن ، دەبا بیکەن
چش .. بەدۆزەخ
پاش فڕینی پەڕەسێلکە
بێزارەکەی روح بۆ ئاسمان
باوەڕ ناکەم دۆزەخێکی دیکە هەبێ
قێزەوەن تر لەجیهانی
ڕەقیبانی ماچ و نیگا ..

زامێکە ، قەتماغە بەستوو
ئەوەندە دەستکاری دەکەین
تاکو دیسان دەکولێتەوەو
خوێنی لێ دێ ،
ئەوجا ناچارین لێی گەڕێین
تاقەتماغە دەکاتەوە
بۆ دەستبازی جارێکی تر .
هەندێ جار ، عیشق

کارم بەعومرەوە نیە
چەندی ماوەو چەندی چووە
تا دڵ لەلێدان نەکەوێ
کانیی عیشقم وشک نابێ ..
پێدەچێ ئەم پلە گۆشتەی
نێو سنگی من .. ترومپا بێ ..

پێدەشتی عیشق
تێڕامانە لەقامەتی بەرزی جوانی
بناری عیشق
خولیایەکی شێتانەیە بۆ هەڵزنان
ناوقەدی عیشق
ئالوودەبوونە بەمیسکی روحێکی تر
ترۆپکی عیشق
نزیکبوونەوەیە لەخوا
دەتۆش ئەی یار
بەقەد پەنجە تووتەی خودا
بەخشندەبەو لێم ببوورە
دڵم مناڵێکە .. لاسار .

ئەمشەو دڵم هەنارێکی
ووشکهەڵاتووی بریندارە
بەحاڵ بەچڵی گیانمەوە
ماوەتەوە ، ئەو بێ عارە
مەدەد ئەی پەری مەرگ هاوار
بەلوتفی خۆت لەلام لادە
قومێ میهری تیا نەماوە
کوپەی ئەم ژینە بەربادە .

یەکەم پێکی بادە تاڵە
لێوم ئاڵوودەی بادەیە
بەیەکەم پێك دەوروژێت و
داوای پێکی دووەم دەکا ..
گوڵم ، تۆش بۆ پێکە ماچێ
لێم مەبە بە گوڵی ژاڵە ..
یەکەم پێکی بادە تاڵە ..

وکو مناڵێکی لاسار
پەنجەرەی ژوورێکی دڵمی
وردوخاش کرد،
کەچی هێندەش میهری نەبوو
دەست باتە گسکێکی پووش و
پارچەکانی کۆکاتەوە
یان هیچ نەبێ ، هەواڵێکی
بەرئەنجامی ئەم شکانەم
لەسروە بایەک .. بپرسێ
بەڵێ .. ئەی یار
دڵت لەوبەردە رەقتر بوو کەهاویشتت ..
چ کارەساتێکە ، هاوڕێ
شکاتی دەردی تەنیایی بەرینە لای
خودای لەخۆمان تەنیاتر .

هەموو شەوێ
خەونێکی نەفرەتیی بەرباد
وەک مۆتەکە
لەسەر سنگم دائەنیشێ و
دەست ئەنێتە بینە قاقام
تاکو گیانم شەلاڵی عارەقەی ترس و
شەرمەزاری نەکا .. ناچێ
ئەزانی ئەو خەونە چیە ، ئازیزەکەم
خەونی کوشتنی بەندەیە
بەدەست رەقیبی لەندەهوور
لەسەر... ماچێ !

گەر ئەمجارە..
وێنەیەکی نوێت بۆ ناردم.
کەمێ یەخەی کراسەکەت
لەژێر سێوی گەردنتەوە
لادە .. گوڵم
ئاخر بەم عومرەوە ، وڕکی
جووتێ هەنارم لێ ئەگرێ
ئەم دڵە بەربادە .. گوڵم

زۆر بەنارنجی عومرەوە
مەنازە ، ئەی یاری خوێن سارد
هاکا چنگ و پلی رۆژگار
توێکڵی جوانیتی داماڵی و
دانە دانەش ، قاشەکانی
تەمەنتی خوارد .

ئیرەیی بەو تیشکە ئەبەم
چاو قاییمانە نیگا لەچاوت ئەدزێ
ئیرەیی بەو بایەش ئەبەم
دەست و پەنجە خۆڵاویەکەی
بەنێو کەزیتا ئەگێڕێ
ئیرەیی بەباران ئەبەم
چۆن بێ منەت ماچت ئەکاو
بەشان و گەردنتا ئەخزێ
ئیرەیی بەو خاڵە ئەبەم
بەکوێرایی چاوی دوژمن
لەسەر لێوت نیشتەجێ یە
ئیرەیی بەو شاڵە ئەبەم
وەک کوژەکەو بۆ چاوەزار
پاسەوانی دوو بەهێ یە .

هەڵمەخڵەتێن،
بەروخساری فرە مەنگم..
سواڵی عیشق لەکەس ناکەم
بۆ گرتنی قەڵای دڵێ
تا دواهەناسە دەجەنگم ..
وەها زوو نایەمە سەرچۆک
جەنگاوەرێکی چەلەنگم ..

بڕیار بدە ئەی گوڵ بڕیار
بە مانەوەت لەئینجانە فوخاریەکی دڵی مندا
یان بەسەفەر لەگەڵ شنەبای سەحەرا
بەرەو دورگەی بیرچوونەوەم
ئاخر نابێ ، گوڵم وابێ
پێ یەک لەدۆزەخی منداو ئەوی تریان
لەفیردەوسی گوماندا بێ .

هەندێ ، دڵیان لەپەشمەکە
هەندێ ، لەحەریری کشمیر
هەندێ ، لەئەڵماسی تیژی کریستاڵی
هەندێ ، لەقوڕی دەستکردی مناڵانە
گوڵم ، کەرەم کەو پێم بڵێ
ئەی دڵی تۆ .. لەکامیانە .

هەر هەمووومان ڕۆژێ دەفڕین
یان لەعیشقا .. یان لەترسا
نازانم بۆ .. ترس و عیشق
هێندە ئاوێزانی یەکن
لەم خاکە رەنگ کراوەدا
بەرەنگی خوێنی ئاسکەمێ .

مەگەر هەر غەدری ئازیزان
ئەوەندەی کاری روح کێشان
ستەمکار بێ ،
مەگەر هەر کوێر بوونی دیدە
ئەوەندەی خزانی ماسکی خۆشەویستی
لەسەر رووی یارێکی ئەغیار
بەئازار بێ ..

من و بادەو خەم دەمێکە
خاڵێ کۆمان دەکاتەوە
خەم ..خواردنی گشت ژەمێکی هەژارانەو
بادەش باشترین دەرمانە
بۆ بیرچوونەوەی هەژاری و
منیش هەژارترین مەخلوق
لەم خەراباتی ژینەدا ..

لەپاییزانا ، من و تۆ
لەدرەخت و باران ئەچین
تۆ جلکی ئاڵتوونی گەڵا دائەماڵی و
منیش گیانی ڕووت و قووتت دەشۆمەوەو
پاش هەڵزنان ،
تک تک ئەچۆڕێمەوە سەر خاکی بەر پێت
تا ژیان بۆن و بەرامی عیشقی لێ بێت ..

هەموو ساڵێ لەپاییزا
شیعرەکانم ڕەنگی گەڵای وەریو ئەگرن
مەزاجی شێتی ڕەشەباو بۆنی خاکی
پاش یەکەم بارانیان لێ دێ
خۆیشم ئەبم
بەدرەختێکی رووت و قووت ..

هەناسەکانت ئەژمێرم ،
هێندە نزیکی لێمەوە ..
کەچی تۆ ، گوێت لەدەهۆڵی دڵم نیە
ئاخر.. گوڵم
کەی ئەمە دادپەروەریە .

گشت پاییزێ
کە یەکەم باران ئەبارێ
بۆنی خاک و بۆنی سنگی دایکم ئەکەم
وتەی پیرێک ، بەمنداڵی
دایکیان لەگەڵ
یەکەم بارانی پاییزا بەخاک سپارد .

تۆ ئۆقیانوسێکی لەسۆز
من کەشتیەکی گچکەلەی
مۆد ئەنتیکم ..
تۆ وشک کەیت
منیش شەقار شەقار دەبم .

کۆشکی عیشق
لەوپەڕی دنیایە ، گوڵم
ڕێیەکەی .. هەورازو نشێو
ئەوەی تەنگە نەفەسێتی
ئەوەی ژێرزەمنێکی بەزەیی
سەروزیادو هەم بەسێتی
لەقافڵەی ئەم سەفەرەیا
با دابەزێ ، زیایە .. گوڵم .

ئەگەر رۆژێ ئارەزووت کرد
سەردانی ئەم خەراباتەی
عومرم بکەی
هێدی هێدی وەرە ژوورێ
چونکە ، رەنگە
لەهەر سوچ و پەنایەکدا
پێکێکی شەرابی یادم جێ هێشتبێ و
سیگارێکی نیوە کێشراوی خەمباریش
چاوەڕێی ئاخر نەفەسی
یەکێ لەو هاوڕێیانەم بێ
شەوێ لەشەوانی پاییز
بارەش لەگەڵ خۆیا بردی و
نەهاتەوە ..

ئەو شەوانەی
ئاسمان کەوای هەور ئەپۆشێ
جاڵجاڵۆکەی خەم لەدڵما لانە ئەکاو
لێوم زیاتر هەست بەچێژی
شەرابی تەنیایی ئەکا
چونکێ چیتر
ئەستێرەکان ناجریوێنن
مانگەشەویش لەژێر تاڤگەی تریفەیا
بەڕوتوقوتی نابینم
ئەو شەوانە ، ئاسمان لەژنێکی پیری
قژ خۆڵەمێشیی کەساس و
خەمگین ئەچێ
منیش ، لەپیرە مێردێکی
خەیاڵ .. بەشەرابی تەمەن !

**بەیادی دیلانەوە**

گوڵەکانت ببەخشەوە
چیتر سوکنایی دڵی من بەگوڵ نایەت
بۆ من ژیان سەفەرێکە
سەرلێو .. لەهەورازو نشێو
سیخناخ .. بە ئازاری گیان و
موچوڕکەو ئاخ
بۆ تۆش ، سەرخەوێکی کورتە
چون حیکایەت
- نەکەی هەرگیز نەمامی گوڵ
بکەیتە سێبەرو سایەت
بەنینۆک گەر بژاری کەی بەپوڵێ
بەرهەم و مایەت -.

ببارێ ئەی ماچ ، ببارێ
خۆ ئەگەر تۆ نەبوویتایە
نەهەوری خەستی ژانی دڵ
دەڕەوییەوەو
نەبیابانی زیندەگی تەڕ تەڕ دەبوو
نەداری عیشق و ئازادی بەری دەگرت
ببارێ ئەی ماچ ، ببارێ
نەک هەر بەوەشت
بەرەهێڵە .... وەرە خوارێ .

کزەی بایەو
روحی منیش لەرزی لێدێ
ئاخر ، گوڵم
زویر بوونت .. زەمهەریرە !

لەگەرمەی خەو زڕاندنما
دام پۆشی پێی
وەک مناڵێکی سەر بێشکە
جوان دەخەوم ،
ئاخر ، گوڵم
قژت سەرپۆشی حەریرە .

ئەمشەو شیعر یەخەی گرتووم
گەرچی کەیفم بەمیوانی
درەنگ وەختانی شەو نایە
وەلێ .. بۆ ئەو
دڵم کوخێکی بچکۆلەی بێ دەرگایە
ئاخر گوڵم .. شیعر وایە
ئایەتێکی کتێبی پیرۆزی خوایە
پەیامێکی ... بێ تەفسیرە .

ئەترسم پیاتا هەڵزنێم
تۆش بەلاولاوم بزانی و
بەپەنجەرەی ژوورەکەوە
کەپرێکم بۆ کەی دوور لەخۆت
ئاخر ، گوڵم
من کەئاڵوودەی شتێ بم
تاکو مردن تەرکی ناکەم .

گەر موخەیەر بم لەنێوان
بوون بەدرەختێکی رواو،
لەحەوشەی ماڵەکەتانداو ، چڵێ لاولاو
هەر دووەمیان هەڵئەبژێرم
ئاخر ، گوڵم .. من دڵم سوکنایی نایە
هەموو رۆژی .. بێ هەڵزنان
لەدوورەوە تەماشات کەم .

ئەمشەویش وەک هەموو شەوێ
لەبالکۆنە سیحراویەکەی ماڵی خۆمان
راوەستام و
بەدەم چەند مژێ لەجگەرەی خەیاڵەوە
قولاپی بەختم هەڵدایە
ناوەڕاستی دەریای ڕەشی ئاسمانەوە
وەلێ ماسیەکانی شیعر هەر نەهاتن
پێ دەچێ دڵی گوڵێکم
زیز کردبێ ، رۆژی ئەوڕۆ
ئاخر من موعتادی شیعرم
شیعریش موعتادە بەعیشق و
عیشق .. بەجوانی
هیچ لەمانەش نایەنە گۆ
دوور لەپەنجەکانی سۆزو میهرەبانی .

ئێوارە بوو .. پاییزانێ
رێ ، ئەیبردینە نێو تەمێ
باسی خەممان بۆ یەک دەکرد
لە من خەمێ و لەویش خەمێ
درەختێکیش هێندە گەڵای
خەمی وەراند بەسەرمانا
تاکو هەردوو بووین بە دووچنگ
گەڵای رەنگ زەرد ، لەشەرمانا .

چی دەکەی بەو ئاسمانەوە ؟
من پەردەکەم لادا .. هەتا
ئێوارە باشێ لەخاتوو
مانگەشەو کەم ..!

ئەزانی چی خۆشە بیکەین
بۆ وەدەرنانی هیلاکیی
رۆژێکی پڕ لەبێزاری ..!؟
لای ئێوارەو لەگەڵ هەڵدانی دوو چایا
من شیعرێکت بۆ بنووسم
لەتۆش ماچێ .. وەکو دیاری .

تا هەنوکەش
من لەسیحری سیان تێناگەم
شیعرو شەراب و ماچی لێو
ئەمیان بوونم ئەنوسێت و
ئەویان ژانی
لەدایکبوونم سڕ ئەکاو
ئەوی تریان
ئەمکات بەتوفلێکی بزێو .

ئەو دەمەی ژانم لێ دەڕژا
هەر شیعر بوو
لەژێر دڵما خۆی ڕادەخست
ئەو دەمەی خەم
لەروحمەوە فیچقەی دەکرد
هەر شیعر بوو
دەبووە برین پێچ و لۆکە
ئەو دەمەی برسێتی خەوی
لەهەردوو چاوم دەتۆراند
هەر شیعر بوو..
دەبووە خەپلەو مارمارۆکە .

ئەبم بەجاسوسی هەتاو
ئاخر گوڵم ،
ریش سپییەکانی نیشتمان
ژیانیان کرد .. بەژێر زەمین
ئەبم بەدەف ، ئاخر گوڵم
زۆرن ئەو دڵانەی ئەمڕۆ
نەیانماوە تینی ژەنین ..
بەچەند پشتێ دەچمەوە سەر
رەچڵەکی با .. کاتێ پەرژین
فەرمانی یاساغکردنی هاتن و چوون
بۆ هەڵاڵەو هەنگ دەر ئەکا .

ئەبم بەشوێنکەوتەی هەور
کە پێدەشتەکانی ویژدان
توشی بەبیابان بوون ئەبن
ئەچمە سەر ئایینی ئاگر
کاتێ رەنوی بێ مروەتی مەرزەکانی
موحیبەتمان لێ ئەگرێت و
کرێوەش پەنجەکانی خودا
فێری سەمای لەرزین ئەکا
ئەوجا هەر پێم بڵێن کافر..

شەڵاڵی عیشق ئەبم کاتێ
شیعرو بادەو گرێکی سوور
ئەبن بە میوانی دڵم و
شەوم بۆ پڕ ئەکەن لە نوور.

ئەمشەو بەدەم هەڵدانەوەی
پەڕەکانی دەفتەری کۆنی یادەوە
بەدەم قەتاری ئازارو
مەقامی بەرزی هاوارو بەستەی خەم و
هەڵدانی پێکی بادەوە
تەقەڵ تەقەڵ سەرقاڵ ئەبم
بەدرونەوەی درزەکانی ئەم دڵە نامورادەوە
بەئومێدی ساڵێکی نوێی
بێ ئازارو زامی بەسوێ
ئەگەر چی هەر... خەیاڵیش بێ .

گوڵم ، ئەمشەو
بۆ هەرکوێ خەیاڵت دەفڕێ
لێی گەڕێ لێ
وەلێ تەنیا بیرت نەچێ ..
کەماندوو بووی
لەم زەمینە شێت و وێتە
لەهاتنەوە دوو دڵ مەبە
هێلانەیەک چاوەڕێتە

کە ئەو دەنوێ منیش دەنوم
ئاخر چ رۆژ بێ یاخو شەو
ژیان .. بێ ئەو
کورتە فیلمێکی بێ چێژەو
هێندە ناهێنێ سەیری کەم ..

گشت شته جوانەکان بۆ تۆ
هەندێ شتی تریش ، بۆ من
تابلۆکانی سەر دیوارەکانی ژووری
دڵم .. بۆ تۆ
ئەو فەرشە تەبرێزیانەشی دەفڕن و
روحم هەڵدەگرن ، هەمووی بۆ تۆ
پەردە نارنجیەکانی بەر
پەنجەرەکانی سۆز .. بۆ تۆ
گوڵدانەکان ، ئەوانەی پڕ گوڵی عیشقن
هەموو .. بۆ تۆ
چی ترت ویست .. بابۆ تۆبێ
لەوانەی بۆ کامەرانیت فریاد رەسن
دڵنیاش بە ، چاوچنۆک نیم
نوقڵی نیگایەکی ترش و
دوو پرشە عەتری هەناسەو
تەنیا قومێ شەربەتی لێو بۆ من بەسن ..

دەستم بگرە
با منی مەست و مەیزەدە
فێری دەرسی دارە دارەی
عیشق ببم ،
پاش .... نیو سەدە !

ئێوارەت باش ، ئازیزەکەم
ماوەیەکە بیرم چۆتەوە ، بەپرژە
عەتری ماچێ
ئێوارانت بۆندار بکەم
لێم ببوورە گوڵە سوورە
ئەم ژیانە نەفرەتییە
ئەوەندە سەرقاڵی کردووم
کە نەزانم
ئەتەکێتی عیشقیش چییە .

ئەم هەژێنێ سۆزی دەنگی
ئەڵێی خوێ .. بەزاما ئەکا
دڵی من خڕکە بەردێکی بێ زمانەو
ئەو بەلێوی
ئەڵێی فوو بەشمشاڵی ئیلهاما ئەکا .

بەتاڵم بکەرەوە لەخۆم
حەز ئەکەم پڕپڕ بم لەتۆ
چیم داوە لەم روحە زەلیل و گرگنە
داگیرم کە ..
من دەمێکە ئەڵێم ئەڤین
خۆشترین .. داگیرکردنە .

من و پێک و شیعرو شەراب
دوو بەدوو زۆر لەیەک دەچین
من کەپڕ بووم لەشیعری تاڵ
قوم قوم فوغانم لێ ئەڕژێ..
بەتاڵیش بووم ئەشێ و رەنگە
دڵم هەر بەئاخێ بشکێ ..
پێک ، شەوانە
سەرقاڵی شەراب نووسینە
پێک ، لەوەختی قفڵ بوونی
کێش و سەروای شەرابێکا
ئەشێ و رەنگە ، ئەویش تک تک
عارەقەی شەرمی لێ بتکێ ..

دەڵێی شنەبایەکی فێنکی
دەمەو ئێوارەی بەهاری
هەرکە دەگوزەرێی بەلاما
هەم لەسەر لاملی ماندووم
بەدەست جەوری رۆژگارەوە
دەسڕی .. ئارەقەی بێزاری
هەم توفلی تۆراوی روحم لەم ژیانە
دەخەیتە سەر بەزمی یاری
ئەرێ تۆ مرۆڤێکی سادەی
یان حۆریەکی بەهەشتی و
خودا بۆ منی بەدبەختی
رەوانەکردووی بەدیاری .. !!

چەنێ .. جوانی
چ دەنگێکی روح دوێن و
خەم رەوێن و نەرم و نیانی
چ رەنگێکی ئاودامانی
پێم بڵێ تۆ
لەکام بەندیخانەی عیشقا، پاسەوانی .. !؟
تاکو منیش .. بێ دوودڵی و بەویستی خۆم
بۆ هەتاهەتایە ببم .. بەمیوانی !

چەند .. بەهەستی
بێ ئەوەی زارم ببزوێ
سەرنجم ئەخوێنیتەوە
لاپەڕەکانی دڵم تاوو توێ ئەکەی
زوو تێ ئەگەی لەمەبەستی .

ئەم شوشە نەفرەتیەی عیشق
هێندە گەرمە
ئەگەر کێوە بەفرینەش بی
کە بەسەریا گوزەرت کرد
تەنیا چەند جێگە پێیەکت
لێ بەجێ دەمێنێ ... لە ئاو

ویستم بڵێم خۆشم دەوێی
هەموو گەمژەکانی دنیا
لێم بوون .. بەگوێ
ویستم لێوم لەلێوت نێم
هەموو گەمژەکانی دنیا
لێم بوون .. بەچاو
وەلێ ، لێمان بوون بەمشار
کاتێ ویستم هەردوو باسکم
لەگەردنت بئاڵێنم ، وەکو لاولاو.

لەنێوانی مانگ و خۆرا
میهرەبانی هێند ڕژاوە
گوڵە بەڕۆژەکەی دڵم
تەواو سەری لێ شێواوە
بەشوێن قیبلەی نوێژی حەقدا
وەکو پەروانە بێ ئۆقرەم
هەردووکیانم هێند خۆشەوێ
نازانم روو لەکامیان کەم .

گەر دەتەوێ خەیاڵت پەی
بە ئازارەکانم بەرێ
ئازاری خۆت مەدە ، گوڵم
ئازار شکێنێکم دەرێ .

منالێکی قۆشمەی بزێو
لەنێو دۆڵابە کۆنەکەی
ئەم جەستەیەی منا دەژی
ئەو نەبوایە ، هەر دەمێ بوو
ساقیی تەمەن
لەم خەراباتی ژینەدا
پێکی دڵمی بەبادەی خەم
دەکرد ... تەژی .

ئاسمان شین و .. زەریا شین و
ئەویش لەچکەکەی لەئاوی
چاوەکانی هەڵکێشاوە
بۆیە منیش هەموو دنیا
شین دەبینم .. بەم دوو چاوە .

که سەیری ئاوێنە دەکەی
ئەوەی دەیبینی ئەزیزم ، خۆتە نەك من
لەودیو چاویلکەی ڕەشەوە سەیرم مەکە
نەتۆ وەك من لەنووسینی
هیرۆگلۆفیی عیشق دەگەی
نەمن وەك تۆ
تاقەتی چنینی تۆڕی تراویلکەکانم هەیە
گەر دەتەوێ هاوسەفەر بین
بەیەک چاو دیقەتی هەموو
ڕێبوارەکانی ڕێ مەدە..
فرە ڕەنگ و فرە دەنگن ئەوانەی هەن!
بەم تولەڕێی قەدەرەدا
هەم فریشتەکان دێنە ڕێت
هەم .... ئەهریمەن .

رازی بێ یان رازی نەبێ
ئەم کارەم بەپێی بەرنامەو
پەیرەوێکی ناوخۆ نەبێ
خۆم بۆ پۆستی
سەرۆک کۆماری وڵاتی
ئەو دڵەی یار هەڵەبژێرم
داگیریشی دەکەم بەزۆر
کێ پێی ناخۆشە ، دەتوانێ
تەپڵ بەورگی خۆی لێداو
با هەر پێم بڵێ .. دیکتاتۆر

تا تۆم هەبی
هەموو رۆژێ جەژنی منە
بۆ دەستپێکی جەژن هەرگیز
پێویستم بەگەڕان نیەبەدوی مانگدا
من دڵنیام .. مانگ تۆی ژنە .

گوڵم هێشتا لاسکی تەڕی
بەرگەی .. شەماڵێ ناگری
شان لەشانی چنار مەدە
چیت داوە لەدەردە سەری
جارێ فێری وتەی حەق بە
جارێ فێری ، سوپاسنامە
ئەو چڵەی بەسەر درەختا
منەت لێ دا .. چ کاڵفامە
بەژنی بەرزی دار چنارێ
گوڵم ، لەدوورەوە دیارە
نەزۆری من نەکەمی تۆ
سروشت خۆی ئەهلی بڕیارە
شوخ و شەنگیی نیگاری ئەو
هیچ لەجوانی تۆ کەم ناکا
دڵنیابە ، دایکی بەسۆز
لەتوفلی خۆی ستەم ناکا .

وێنەیەکم .. بۆ بنێرە
چون دەمێکە تۆم نەدیوە
من ئەوەندە بیرت ئەکەم
مەلی سەبرم هەڵفڕیوە
بیرت نەچێ ئەگەر ناردت
با جێگە لێوتی پێوە بێ
لەچوارچێوەی دڵمی ئەنێم
گوڵم ، بابێ چوارچێوە بێ .

دوو پەڕەسێلکەی هیلاکن
هەردوو چاوم ، دادو بێ داد
ناچنەوە بۆ هێلانەی خەو
تا تۆ پێیان نەڵێی ، شەوشاد !

گەر دەتەوێ
شەوی پێش تاقیکردنەوەی
وانەی مێژووی ژیانی خۆت
پێداچوونەوەیەک بکەی
بەسەرجەم ئەو بابەتانەی
پێویستە یاد بکرێنەوە .. ؟؟
هیچ کتێبێ مەکەرەوە
وەرەو تەنها
دەفتەرەکەی ئەم دڵەی من
پەڕە پەڕە .. هەڵدەرەوە

چ سندوقێکی پڕ هیچە
ئەم سەرە ، بێ مەراقی تۆ ،
زرینگەی .. دێ
چ پەرداخێکی بەتاڵە
ئەم دڵە ، بێ شەرابی عیشق
سانە .. بشکێ

لەمیهرا ، دەچیتەوە سەر، نەسلی باران
قولانجێ لەدەشتی گیانم
بەجێناهێڵی بەوشکی ، کەدائەکەی
لەبەخشینا ، دەڵێ مۆمی ، ئەتوێیتەوەو
کەرنەڤاڵێ لەڕوناکی بەرپائەکەی
کەپێناسەی خوداش ئەکەن
تێئەگەم تۆ... بۆ وائەکەی !؟

تۆ چەنێ نامەردی ئەی دڵ
خەیاڵ ئەتباتەوە بەرەو ئەورۆژانەی
ئەو پرتەقاڵێکی تەڕ بوو
لەکاتێکدا هەموو عومری خۆی بۆ گوشیت
هەتا تۆی بەرەگەز تینوو
نەبیت بەکۆیلەی قومێ ئاو
ئاخ .. چەند بێ مروەتی ، ئەی پیاو !

لەنێو هەموو تۆپۆگرافیای جوانیی ژنا
ئەندامێك نیە وا بكات ..
ئەوەندەی چاو
بوومەلەرزیەك لەدڵما بەرپا بكات .

پێی وتم تۆ ، چی دەزانی
وتم .. ماچ و شیعرو مەستی
وتی .. چۆنی
وتم .. تۆ لوتفی ماچێكم پێ ببەخشی
من پەلكەزێرینەی شیعرت لەمل دەكەم
سوێندیش دەخۆم ،
غەیری ئاونگی لێوی تۆ
دەم بۆ هیچ بادەیەک نەبەم
وتم ، كەمە بۆ گەیشتن
بەتاجی عەرشی عیشقی تۆ
ئەم رێ و رەسمە .. !
وتی ..... بەسمە.

دەڵێن .. ڕەنگە
شیعر لای تۆ ئەستێرە بێ
دەڵێم .. وایە
دەنا بۆچی ، هەتا پەردەی
رەشی شەو دا نەدرێتەوە
ئەویش .. نایە

بیرم لەخۆم دەکردەوە
ساڵانێکی دوورو درێژ
بۆ ئەو کەسانە دەگەڕام
ژیانمیان پڕ کردبوو
هەم لەشادی و هەم لەئازار
کەسی ترم نەدۆزیەوە
ئەم دوو دەورەی جوان بینیێ
بێجگە لەتۆ .. جەنابی یار

ڕەنگە .. وابێ
دڵی من جیاواز لەدڵی
گشت عاشقانی دنیا بێ
فراوان هێندەی ئاسمان و
قوڵیش ، بەئەندازەی دەریا ..
وەلێ هەر یەك پەرییە ماسی
لەنێویدا مەلە دەکا .. تاك و تەنیا .. !!

گەڵا ڕەدوی با دەکەوێ
سنگ و مەمکی درەخت واڵا ،
لەژێر بارانی نیگادا بەشەرمەوە هەڵدەکورمێ
ئاخر ئالەم هەوارەدا
ڕوتبوونەوە .. بێ شەرمییە
وەلێ دەستبەرداری خەونی گەڕانەوەی گەڵا
نابێ ..
بەهارێکی تری دوای کۆچ !!

چەند .. نیانیت
کاتێ بەچاو بانگم دەکەیت
بەلێویش دەمخوێنیتەوە ..
هونەرمەندێکی سوریالیت
تۆ .. ئەزیزم !؟

روون بە .. وەك ئاو
گەش بە .. وەك گوڵ
گەرم و رۆشن بە .. وەك هەتاو
بەرلەوەی وەك بازی قەفەز
هەڵبوەرێ پەڕت .. ئەی چاو

خۆزگە ئامێزم ئەوەندەی
پانتایی ئاسمان بووایە ..
ئەڤینی تۆ هەورێکە ، کاکی بەکاکی
هەرکە دایکرد .. کوڵی گریان دوایی نایە
دەك بەنەفرەت بی ، ئەی مەراق
ڕەگت چۆن پەلی کێشاوە لەنێو دڵماو
بوار نادەی دڵۆپێ عیشقم بەرکەوێ
ئەی .. زڕە داری بێ سایە .

شەو ڕاشکا ..
شار ، چاوەکانی خەواڵوون
ئەستێرەکان ، بەچرپەی بریسکە ئەدوێن
وەلێ ، شارە زەردەواڵەکەی دڵی من
لەشەودا دەوروژێ ، گوڵم
زۆر چاوەڕێم ، ئەم شەوی شاری کوێرانە
زوو بەسەرچێ ..

ئەی میهرەبان ، ئێوارەت باش
من .. لەعیشقا
تەنیا هەر یەک چاوم هەیە
سوپاس گوزاری میهری تۆم
وەلێ هەر یەک حۆریم بەسە
بۆ ئەم دنیاو .. بۆ ئەو دنیاش !!

دۆندی سەرم
لەبەر هەتاوی رۆژگارا دەتوێتەوە ..
کەچی سەیلی منالێتیم لێ دەچۆڕێ
تۆ بلێی ئەم چارەنووسە
لەبەختی من
ریتمی سادەی سوڕانەوەی
خۆی .. بگۆڕێ .. !!
خەیالێکی خۆشە ، گولم .

خەوێکم دی ، شەوی دوێنێ
حۆریەکی نیمچە ماسی
گۆمی زەوقم ئەشڵەقێنێ
ئاخر چارم نیە ، یاران
-هەموو دەرکەوتنی شۆخێ
دڵی من دا ئەخورپێنێ
بەڵام خورپەی تەواوی دڵ
لەگەڵ هەنگاوی ئەودایە-
لەرەفسی نیعمەتم خۆش بە
بەگەورەیی دڵت ، خوایە
بەهەشتیش ئەوی لێ نەبێ
هەرگیز بەکەڵکی من نایە
چونکە دڵە گچکەکەی من
هەر بەتەنیا ئەوی تیایە
-وەکو دنیا لەنێو جوانی
ئەوا توابێتەوە وایە -

بەنازەوە پێی وتم .. یار
ئەمشەو دوور لەخەمی رۆژگار
شیعرێ بڵێ خەم ڕەوێن بێ
بۆ زامی دڵ .. با هەوێن بێ
وتم وەک دەستی چز بەساچ
لەبیرم ناچێ .. یەکەم ماچ !

دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم...
تۆ پێشبینی ئەوە دەکەی
بێ سەردانی بەیانیانی
چریسکەی هەتاوی روت
گوڵە نازنازەکانی نێو
ئەم ئینجانە رەقەی دڵم
بەخەر بێن و بپشکوێن .. ؟؟
ئەدی ئەی چریسکەی هەتاو
بۆ بەیانیان ناڵێی .. سڵاو !!

نەمویست شیعرێکت بۆ بڵێم
هەر بۆنی barووتی لێ بێ
ئەی گوڵە مێ--
کاتێ چاوەکانت ئەدوێن
زارم ، بۆ دۆزینەوەی کار
هەموو رۆژێ
سەردانی ساندیکا ئەکاو
گوێم ، مۆڵەتی
کۆتایی ساڵی وەر ئەگرێ
وشەکانیش .. گروپ گروپ
بلیتی یەك سەری سەفەر
دەبڕن ، بەرەو
دورگەکانی .. لای بەرمۆدا
کاتێ چاوەکانت ئەدوێن
منیش نەهەست بەکات ئەکەم
نەهەست بەشوێن .. !!

گوڵم .. هەنی
ئەو دەمەی تۆ پێدەکەنی
پوشی حەسرەت
لەخەرمانی ئەم تەمەنەی من لا ئەدەی
لەم کارەدا ..
دەڵێی شنەی کاتی شەنی
گوڵم .. هەنی

تۆ و مانگەشەو شتێک کۆتان ئەکاتەوە
ئەویش چاوەڕوانی منە
تۆ و هەتاویش ..
ئەویش هەر حەسرەتی منە ,منی کڵۆڵ
نزیکتان بم ئەم سوتێنن ،
دووریش کەوم
ئەبمە پەیکەرێك لەسەهۆڵ .

کۆدەکانی خەزنەی دڵم
فرە سادەن .. فرە ئاسان
نەگرێ کوێرەن و نەمەتەڵ
نەتان و پۆن بۆ نهێنیەکی پەنهان
گەر ئەتەوی بیانزانی بنووسە .. دەی
یەکەم ، نیگایەکی گەرم و
دووەم ، بزەیەکی نەرم و
سێیەم ، چرپەیەك بەسۆزی
ئاوازی .. نەی .. بنووسە .. دەی

من ، هەندێ جار
بەبێ بۆنەو هۆیەکی دیار
سەحرای دڵم ، لەخۆیەوە
دەبێ بەبێستان و گوڵزار
بەتایبەتی .. ئەو ساتانەی
زۆر بەنەرمی و زۆر بەرەندی
گوڵم، بانگم دەکەی .. بەندی !

کەهاتیتە نێو دڵمەوە
لەگەڵ خۆتا هەموو پێویستییەکان بێنەو
هیچ شتێکت لەبیر نەچێ
ئاخر گوڵم .. ئەو شەقامەی
بەرەو شاری دڵمت ئەبات
یەک ئاڕاستەیە ، ڕێڕەوی و مۆڵەت تەنیا
بەچوونە ژوورەوە ئەدات
چون لەعیشقا دیکتاتۆرم .

جەنگت بەرپا کرد .. جەنگی عیشق و راز
بەهەموو چەکێ .. کردمتە ئەنداز
بەتیری برژانگ .. کەوانی ئەبرۆ
رمی نیگای تیژ .. بەزولفی نیگرۆ
بەشەللاقی لێو .. شمشێری خورپە
باگرۆی هەناسەو .. بەپشکۆی چرپە
دوای ئەمانە گشت .. ئەی گوڵی کاڵفام
دەڕۆیت و دەڵێی .. کاتێکی ئارام ؟!

مەراقی ئەمشەو هێندە گرانە
بەردی سیزیفیش ناگاتە ئەژنۆی
مەراقی ئەمشەو هێندە بەسوێیە
جۆگەی شەرابی بەهەشت بنۆشم
ئەستەمە مەستی
قولانجێ هۆشم لادا لەجێی خۆی .

تامی دەیان جۆری مەرگم کردووە
تامی غەدرت لەهەرگشتیان جیا ترە
رەنگی دەیان جۆری مردنم دیوە
رەنگی هەجرەت لەهەرگشتیان سیاترە .

کەشەو دادێ
هەموو گیانم دەبێ بەچاو
کەروخساری تۆ دەبینم
بەرامبەر مانگ راوەستاوی
دەڵێم ئاسمان
پڕە لەئەستێرەی ڕژاو
کەشەو دادێ
هەموو گیانم دەبێ بەگوێ
دەڵێم بەڵکو .. ئەمە خوایە
لەبری ورشەی ئەستێرەکان
لەبێدەنگی ئەم شەوەدا
لێوت بەناوی من بدوێ .

بێ ترس و شەرم بدوێ لەگەڵما
من نەژن کوژم
نەبازرگانی جارییەکانی جیهادو غەزا
بڕواشم بەکەم عەقڵی تۆ نیەو
قەتیش پێت ناڵێم فێڵبازی مەزن
کەخۆت قاییل بی
من باسی سەمای
عیشقی هەڵاڵەت بۆ دەکەم لەگەڵ
چرپەکانی با
من رەجمت دەکەم بەبەردی ماچ و
هەموو رۆژێکیش ، بەقامچیی دڵم
سەد جەڵدەشت لێ
ئەدەم وەک ... جەزا !

لەکوێوە دەست پێکەینەوە
بەگفت و گۆ ..
لەو شوێنەوەی کەتۆ هەموو
خەمەکانت دابەمن و
منیش هەموو خەونەکانم
بەخشی .. بەتۆ ؟؟
لەکوێوە دەست پێکەینەوە
بەدڵداری .. !؟
لەدواهەمین کڵۆ پشکۆی
چرپەکەی من .. !!
یان لەیەکەم قریشکەی تۆ
وەک باوەژنێکی خوا نەناس
بەسەر توفلە گڕۆزەکەی دڵی مندا
کەدەگریاو .. مانی دەگرت
بۆ چەند فرسەتێکی یاری !؟

لەکوێوە دەست پێبکەینەوە
بە گلەیی .. ؟!
لەگرمەی دوا پەڵەهەوری گەواڵی تۆ
کەتا ئێستەش
لەئەشکەوتی سەری مندا سەدای هەیە .. ؟!
یان لەیەکەم نەرمە بارانی رازی من
کەتا ئێستەش هەرخۆشی نەکردۆتەوەو
چەند کورتیلە چیرۆکێکی
فوغانی بێ نەوای هەیە .. ؟!
لەکوێوە دەست پێکەینەوە
بە شەڕە ماچ .. ؟!
لەو ساتەوەی هەموو گیانم بۆت بوو بەلێو
یان ئەوساتەی
لەسەر دزینی هەڵوژەی ترشی ماچێک
چوارپەلی ئەم عیشقە ئاشتیخوازەی منت
بەبزماری تیژی تۆرانت .. دا لەخاچ ؟!

شارە زەردەواڵەی دڵم مەوروژێنە
بەچیلکەی وشکی بێباکی
خۆم بەئاستەم پەلی بێ دەنگیم گرتووە
دڵنیا نیم لەوەی ئەگەر
تاڵەمووی ئۆقرەیی پچڕا چی .. روو ئەداو
تەڕو وشکی چۆن ئەسوتێ
دەشتی ئەم کیشوەری سەبرەم، هەموو
خاکی .. !!

جاڕدەرانی عیشق زۆرن
زەردو سوورو کەسک و مۆرن
وەلێ هێندەی زۆری خۆیان
زۆرن ، گەزاف و درۆیان
جاڕ دەرانی عیشق زۆرن
ئەوەندەش زوو جاڕ دەگۆڕن .
نەزارم دەتوانێ بدوێ
نەدڵ باوەڕ دەکات نەگوێ !

ئەڤین کە گەیشتە وەرزی
لالانەوەو سکاڵا
باشترە دڵ بپروێ و
وەک گەڵای زەردی پاییز
بدرێ بەدەم شەماڵا

لەئەمڕۆ وە ..
تەنانەت یەك پەڕەی گوڵی
عیشق نادەم بەهیچ کەسێ
کەحەزرەتی دڵم چووە زیارەتی
دەست لەسەر سنگ
بۆی هەڵنەسێ .. !!

درزی نێوان دەیان کێوی
سەرکەش و بەسامم بینی
وەلێ .. هیچیان
وەك درزی نێو سینگی ژنێ
هێزی ئەژنۆ ناشکێنن
ئەی گوڵە مێ .. !!
بە گاپێڵی دەیان کێوی
هەزار بەهەزاری سەختا هەڵگەڕاوم
وەلێ .. هیچیان
وەك نزاری دڵی ژنێ
ڕیتمی دەڤی دڵ ناخەنە
سەر نەزمی .. ڤێ !

سنووری مینڕێژی نێوان
دەیان وڵاتانی بەیەک
دوژمن و نەیارم بەزاند..
وەلێ .. هیچیان
وەك بەزاندنی سنووری
نێوانی پەنجەم و یەکەم
قۆپچەی کراسەکەی ژنێ
دڵی منیان دانەچڵەکاند
لەدەیان ڕووبارو دەریای
هارو ماخۆلانم داوە
وەلێ .. هیچیان .. وەك مەلەی نێو
چەمی ئارەقەی باوەشت
هەناسەبڕکێیان هەرگیز
پێ نەکردووم
لەهیچیانیشدا ماسیەکەی
ئەم دڵەی من ،
وەها ئاسان نەخنکاوە .

خەیاڵم کەوێکی سرکەو
هەر کەویستی
لەبناری بەفرپۆشی
لاپەڕەیەک هەڵبکوڕمێ ..
ئەی گوڵە گیان..
بەشەقەقەی شەستیری خەمێ
خەمی هەوارێك و .. دەمێ
تەرەو یاخی دەبێ دیسان .

تێپەڕێ یان تێنەپەڕێ ..
تا لەقەدو سنگ و ملی تۆ نەئاڵێ
باسکی بەسوێم .. وەکو لاولاو
زەمەن لای من گوزەر ناکا
گوڵم ، هەر وەستاوە وەستاو

گوڵم ، ئیتر ئێمە ئاوهاین
هەریەکەمان
بەئاوازی شنەبایەک دەلەنگێین و
هەر یەکەمان
ڕەدوی خەیاڵێکیش کەوتووین
وەلێ گشتمان
بەدەوری ئاگری عیشقا
بادەی ژیان هەڵئەدەین و
تا ترۆپکی حەقیقەتیش چاو خومارین
گوڵم ، مەستین ... خۆ نەخەوتووین

وا ساڵێکی تر دیسان تێپەڕی
تۆ وەکو خۆتی هیچ نەگۆڕاوی
هەمان گوڵی نێو هەمان ئینجانەی
دڵی شپرزەی منی شێواوی
نە کەنار چاوت چرچێکی تێکەوت
نە گەڵای زۆڵفت تاڵێکی وەری
نە هەنیت دێڕێکی لەسەر نووسرا
نە لێوت خەتی خەم هاتە سەری
تۆ ئەی شاژنی مەملەکەتی من
تاکە شاجوانی لەنەسلی ژندا
بریقەی سیمات هیچ کەمی نەکرد
دەڵێی ئەڵماسی لەچاوی مندا

کاتێ نزیك دەبمەوە لێت
ئەی گوڵە مێ
دێمە سەر ئەو قەناعەتەی
مام نیوتن ڕاست ئەفەرموێت

یەکەم قۆپچەی
ژێر گەردنت دەکەمەوە
دوای ئەویش
ئەوانی تریش .. دانە دانە
ئاخر چێژی لێ نابینم
لەش و لارت بەژێرکراس
داپۆشرا بێ
تۆ هەر بەڕووتی جوانتری
ئەی ... حەقیقەت

گوێم پڕ دەکەی لەژاوەژاو
لەدوورەوە .. لێت تێناگم
وەرە پێشی ، با بەنەرمی
من بەگوێتا بچرپێنم ..
عیشقی نێوان .. زەوی و ئاسمان
هێندە جوان و تایبەتیە
پێویستی بەو هەموو ڕەزم و
هات و هاوارەی تۆ نیە

جار بەجارێ خۆم
دەتۆرێنم لێت ، چون دەڵێن گوایە ..
لەدادگای عیشقی ئەم سەردەمەدا
کەسێکی تۆراو .. لە لێتۆراوێك
بەحوکمی سەد ماچ
قەرەبو .. دەکرێت
.

لەدەرگای دڵی .. هیچ کەسێ نایەم
پەنجەرەی نیگای .. بەرەو ڕووم نەبێ
موویەک لەجەستەم .. نالەرێتەوە
ئارەزووی هێندەی .. ئارەزووم نەبێ

تامی شەرابی کۆن ئەدا
عیشقی پیری
هەناسەکەم ..
شیفای دڵە کەساسەکەم
چی ڕوویداوە ،
گوڵم بۆچی لێم زویری ..؟!
ئیتر دەستووری دڵ وایە
گوڵم ، پەنهانە تەفسیری !!

ئای کە ڕەنگاو ڕەنگی
ئەی ژن .. !!
وەك گوڵ و پەلکەزێڕینەو
وەك بەهارو وەك شەهیدو
وەك نزاکانی دایکم و
وەك سەنگەری بەرخودان و
وەك ڕۆژەکانی ئازادی ..
وەك ڕەنگەکانی سەرکەوتن
ئای کە ڕەنگاو ڕەنگی
ئەی ژن .. !!

هەر لەنەرمە باران ئەچی و
بەر پەنجەرەی .. دڵم ئەکەوی
باڕەشی خەوتووی خەیاڵم
ئەوروژێنی و ..
کۆشکی بێدەنگیم تەختەکەی
لەگەڵ زەوی ..
ئەی گوڵە ئەفسوونی ئەوین
گومڕام مەکە لەنێوانی شەك و یەقین
تۆ ژنێکی راستەقینەی .. یاخود یەکێ
لەفریشتەکانی خەوی ؟؟

دڵم لێوانلێوە لە مەی
وەلێ ، ئەی هاوسەفەری رێکەم
بێ مانایی ئەم عەیامەیە ، ناهێڵێ
هەموو شەوێ ..
پێکێکی عیشقت بۆ تێکەم
ڕۆژ نیە چەند .. خەمێکی بێ
شەرم و بەها
دەست بۆ قوتوی
متومورووەکانی هەست و نەستم نەبا
نەفرەت لەسەد ژینی وەها

وتیان .. ئەی پیری ڕیش چەرموو
گۆرانیەك بڵێ بۆ یار
وتم .. ئاخر بەگۆرانی
چۆن دەردی دڵ بکەم تیمار!؟
وتیان .. ..دەسا خاتیراتێ ،
کورتە شیعرێ
وتم ئاخر.. شیعری شاعر
دوعایەو زوو گیرا ئەبێ
ڕەنگە لەگەڵ یەکەم حەرفا
ئەویش .. بمرێ !!
هەر بۆیە چاترە وس بم
دەسا هەر خۆم با بەگرِی
عیشق چز بم .. !!

لەجوانیا ،
دەچیتەوە  سەر نەسلی گوڵ
لەمیهرا .. سەر نەسلی باران
لەنەرمیا .. سەر سروە با
لەبەخشینا,
دەچیتەوە سەر نەسلی خاك
لەتۆوە چەکەرە دەکەین و
بۆ دواهەمین خەوی دونیاش
دێینەوە بۆ باوەشی تۆ
ئەی ژن .. ئەی بەرزترین شکۆ

ئەڵێی توێژاڵی ئۆزۆنی
بەسەر گۆی زەوی دڵمەوە
گەر تۆنەبی .. یان ئەسوتێم
یان ئەبم بەهەسارەیەك ،.. تەزیو تەزیو
ئاخر .. گوڵم
تۆ هەمیشە براوەکەی جەنگی عیشقی و
منیش هەردەم  .. بەزیو بەزیو

گوڵم ، بڕوانە ڕوخسارم
بزانە چەکوش و قەڵەمی
دەستی رۆژگاری پەیکەرتاش
چ نەخشێکی پڕ مەراقی
لەسەر گابەردی تەمەنم هەڵکۆڵیوە
جانی جانان ئێوارەت باش .. !!

دەڵێن .. شەرمە
لەم عومری هەڵوەرینەیا
باسی جوانی چرۆ بکەیت
دەڵێم .. شەرمە
سروەبایەك پشکۆی دڵت بوروژێنێ
بڵێی خۆڵەمێشی عیشقە و
درۆ ... بکەیت !!

گوڵم .. گەلێك
چاویلکەکەم  ئازیزە لام
دەزانی بۆ .. ؟
چونکە وشە وردەکانی سەرلێوی تۆم
بەگەورەیی نیشان ئەدا ..
ئەوانەی شەرم ناهێڵێ ،
بەقەوارەی راستیی خۆیان بیانبینم .
ڕازە دوورەکانی دەریای
چاوەکانیشت ، نزیکتر دەبنەوە لێم ..
ئەوانەی لەترسی ڕاوچی ،
ناوێرن بێنە تەنکایی و سەرئاو کەون !!

تەق .. تەق .. تەق .. تەق
دەنگی لێدانی قوفڵێکی دەرگا نییە
دەنگی پیاماڵینی چەکوشی
دادوەرێکی دادگا نیە
ئەوە دەنگی ، پێڵاوەکانی ژنێکە
بەسەر جادەوە ناز ئەکا ..
ئێمەی پیاویش .. گوێ قوڵاغی
ریتمی سەماو ئاواز ئەکا ..

من ، هەندێ جار
وا هەست ئەکەم ..
ژیان ژوورێکی تاریکی زیندانێکەو
کلاورۆژنەیەکی تیایە .. لەویشەوە
بریسکەی جوتێ ئەستێرە
ژووری ژیان ڕۆشن دەکەن
ئاسمانیش هەمیشە شەوە
کاتێ سەیری چاوەکانی ژنێ ئەکەم

خۆم بەتەنیا ..
وەک پیرە دارێکی ڕوتەڵ
بێ تفەنگ دێمە جەنگی
هەردوو چاوی ڕەشی تۆ ..
ئاخر جوانترین کوژرانە
مەرگی نێو باوەشی تۆ ..!!

چەند سەیرە ئەم هەڵفڕینە
پێچەوانەی گشت مەلان ..
تا بەگوللەی تفەنگی عیشق
گەر نەپێکرێ .. نافڕێ
ئەم مەلی روحە نامۆیەم
بۆ .. ئاسمان ..!!

چپەی نەرمە ..
باوەجو هێند گوڕو گەرمە
شاخە سەهۆڵی ناخی پیاو ئەتاوێنێ
وەلێ نازانێ ، ئەو شۆخە زۆر سادەیە
کە گوێی پیاوی ڕۆژهەڵاتی
هێندە سەیرە .. ئەڵێی تەیرە
هەر لەسەر درەختە ژنێکی پاییزی
بۆ نیشتنەوە .. ئامادەیە !!

چونکە خۆی عاشقی ژینە
هەردەم دەم بە پێکەنینە
وەلێ نازانێ، ئەو شۆخە زۆر بەنازە
هزری پیاوی رۆژهەڵاتی
بەڕووی کۆدەکانی نیگاو لێوی ژنا ،
خوێنەرێکی چ لاوازە .. !!

بە لەنەنجەولار.. چاوی خومار
شارە زەردەواڵەی دڵان ئەوروژێنێ
وەلێ نازانێ ، ئەو شۆخە چاوکەژاڵە
عیشقی پیاوی ڕۆژهەڵاتی ..
بەژانە وەك .. پێوەدانی زەردەواڵە

پەپوولەکان ، پێچەوانەی
عەشرەتی شەمشەمەکوێرەن ..
ئەودەمەی تاریکی تەنگیان پێ هەڵەچنێ
باوەشی ئاگر بەفریادڕەس دەزانن
ئاخر ئەوان .. لەمەرگ زیاتر
دەترسن لەشەوی دەیجوور
دەزانی چەند تاڵە ، گوڵم
پێکی ژیان لێوانلێو بێ لەتاریکی و
لەچاوی سوور.. ؟!

تۆ دەڵێی شازی موزیکی و
من دەڵێی شازی سەماکار
بۆیە دەبێ ..
هەر من بەڕیتم و ئاوازی
تۆ سەماکەم .. ئەی لالەزار

پیرۆزترین کتێبی دونیایە ، ئەڤین
هەر پەڕەیەك تەواو دەکەی
دڵت ماخۆلانێتی بۆ .. یەکێکی تر
هەر بەرگێکیش تەواو دەکەی
گەرووت پەڵاس تر و لێوت
وشکتر بۆ .. بەرگێکی تر
خوێندنەوەی کتێبی ئەڤین
خواردنەوەی ئاوی زەریایە بە جامی دڵ ..
هەتا بێ ئەو سوێر تر دەبێ و
تۆش .. تینوو تر !!

هێندە لەمێژە ماچێکی
ئاسودەییم .. نەکردووە
بەرێکەوت بێتە باوەشم
لەبیرم چۆتەوە .. ئایا
لێوی من لەسەر لێوی بێ
یان لێوی ئەو لەسەر لێوم
ئاخر .. گوڵم
من لەسفری دەستپێکەوە
گەڕیدەیەکی پەشێوم

چ تاوانبارێکە .. عیشق !!
چ زەندیقێکی بەربادو سیخوڕێکی
ترسناکە لەسەر ئاسایشی وڵات
دەنا بۆچی .. لەتاریکی شەوەزەنگاو
لەژێرزەمینی فرسەتاو دوور لەچاوی
حەسحەسەکانی ئیمان و
پاسەوانەکانی شارو
موریدانی تەکیێ نەریت
لێوێ ، بەلێوێکی تری
لەخۆی پەرێشان تر دەگات !؟

دوو نیگام پێدە بەدیاری
تا بیانکەم بەچاویلکە
عومرم بەرەو پاییز دەچێ و
چاوەکانم ڕوو لەوەرین
بێ تۆ دەکەن ، تراویلکە

دەسترێژی قریوەم پێوەنێ
دەڵێن دەنگی خەنینی تۆ
هاوتۆنی ڕێژنە بارانە
ئاخر گوڵم .. دڵی منیش
لەجەنگی نارەوای ژینا
باخێکی وشك و وێرانە

فێرم کە چۆن ..
ناوکەی خۆم و واژۆکەم ،
لەپەڕەی لێوتا بنووسم
ئاخر گوڵم .. من لەعیشقا
پیاوێکی نەخوێندەوارم .

ئەمشەو خەیاڵاتی مردن
ڕێگە نادەن ..
شیعرێ بۆ ژیان بنووسم
گەرچی سوێم بۆتەوە ، کەمێ
پەنجەکانم
لەقەدی خامە ڕامووسم !!

**لەنەسلی -با -م**

**دەنا .. بۆچی**

**لەم پاییزی تەمەنەیا**

**ئەوەندە حەز**

**لەڕووت بوونەوەی درەختە**

**ژنێ .. ئەکەم ؟**

**لەنەسلی بارانم ، دەنا**

**بۆ .. ئەوەندە**

**حەزم لە ڕۆچوونە بەنێو**

**لەش و لاری**

**درەختە ژنێکی ڕووتا ؟؟**

**تۆش لەنەسلی گڕیت**

**ئەی یار .. دەنا بۆچی**

**هێندە کەیفت بەسوتانی**

**ئەم کڵۆ خەڵوزەی دڵمە ؟؟**

پێچەوانەی ..
هەموو پیاوەکانی دنیا
کاتێ تەنیام .. وا هەست دەکەم
کە دوو کەسم ..
کاتێ لەگەڵ تۆیا دەبم
دەبم بەنیو ..
لای من عیشق ، هەڵکێشانی
نیوەی روحە بەرەو ئاسمان
ئەی فریشتەی فریادڕەسم .
کاتێ لەگەڵ تۆیا دەبم
دەبم بەنیو ..
کاتێ تەنیام .. وا هەست دەکەم
کە دوو کەسم ..

تۆ بەهاری .. منیش پاییز
تۆ هەنوکە چرۆ دەگری
من بەدرکی زەمانە .. چز
تۆ نەمامێکیت ، تەڕو بڕ
شەماڵێك لەخشتەت ئەبات
من دارێکم ، ئوفتادەتەن
چنگی ڕەگم لەنێو دڵی زەویدایەو
عەزمم. مەتین
دە وەرە با
لەسەر سنگم موتوربەت کەم
تاکو بەجووت
فراکسیۆنێك دروست بکەین
بەرانبەر ڕەشەباو .. وەرین

کێ بوو دەیگوت .. لەپاییزا
گوڵی عیشق ناپشکوێ ؟؟
ئەوە نیە من بەم عومرەوە
مێخەك لەسەر دڵم ئەڕوێ !!

لەپاییزدا گەڵای کەسکی
ئەڤین ئەگرم ، ئەگەر بێی !!
بەفری تەمەن با نەپۆشێ
کێوی سەبرم ، تۆ لەکوێی ؟؟

من دەڵێم ماچ .. تۆ دەڵێی خاچ
من دەڵێم دڵ .. تۆ دەڵێی گڵ
من دەڵێم .. چێژی نیگا
تۆ دەڵێی .. نزا بۆ خودا
من دەڵیم .. دەستم بەدوو بەی
دوو پشکۆی عیشقدا چزا
تۆ دەڵێی .. ئەو ڕۆژە ، دنیا
بەئاگری جەهەنەم سوتانە ، سزا
دەبا .. وابێ
تۆ چاوەڕێی حۆریەکانی ئەو دنیاکەو
من لەم دنیا ..
دەستم بەدوو سێوی کوفری
کەنیشکێکی جوانی حەواوە ، چزا بێ

لەگەڵ هەموو جوانەکانا چوومە ژووان ..
یەکەم بارانی پایزو بەرامەی خاکێکی تینوو
یەکەم نیگای تەلیسماویی
خۆرەتاوێکی هەنوکە لەخەو هەستاو
یەکەم فڕێدانی لەچکی خونچە گوڵێ
یەکەم روتبوونەوەی درەخت ..
داکەنینی ژێرکراسی کەسکی گەڵا
یەکەم هەڵدانی پێکی مەی لەهەینیا
تەنانەت یەکەم خەڵوەتم
لەگەڵ خواوەندەکەی شیعرا
وەلێ هیچیان هێندەی یەکەم ژووانی تۆ
نەیان بەزاند ..
هەموو هێڵە سوورەکانی نێو شعوورم
ئەی هاوڕێی سەفەری دوورم .. !!

حەزم بەگرتنی وێنە
نیە لەگەڵ ناودارەکان
تەنیا لەگەڵ تۆ دەرکەوم ،
چرکەساتێ
ناودارترین ناوداری دنیا ..
نامگاتێ ..

دڵم ، دیوانێکی شیعرە
لێوانلێو لەعەتری جوانی و
پڕاوپڕ لەڕەنگی سۆزو
سیخناخیش بەچرپەی ژنێ
بێ ویژدانییە .. خۆ ئەگەر
بێت و لەدونیای فانییا
من .. لەوە زیاترم بوێ !!

لەوێ نەبووی ..
لەعەزرەتا ، پەنام بۆ لای
گوڵەکان برد .. !!
ئاخر ئێوە هەمان توخمن
ئێوە نەبن ..
خەمی مرۆڤ بوون ، دەمکوژێ

لەباڵەکانی پەپوولە ناسکترن
لەیەکەم بارانی پاییز ، نیانتریش
لەسروەبای ئێوارانی جۆزەردانیش
میهرەبانتر ..
کەچی هەندێ لەپیاوەکان
بەتەوارو بەشێرەژن بانگتان دەکەن
چەنێ .. سەیرە !؟

ملوانکەیەك ..
پیرۆزتر لەپیرۆزەی شین
لە مەعبەدی سینەیەکا پاڵ دەکەوێ
منی بێ دین ..
ناچارم بۆ نوێژی عیشقێ
ڕوو .. کەمە .. وێ

دەزانم ..
بەرکەوتنی تۆ دەمسوتێنێ
کەچی دەڵێی ..
دەنکە شقارتەیەکی گێلم
کۆڵ نادەم لەخەونی سوتان !!

چرچەکانی دەموچاویشتم
خۆش دەوێ ..
ئاخر گوڵم ، هەریەکەیان
دێڕێکی پڕ یادەوەریی
نێو دەفتەری عیشقی ئێمەن

تاڵە سپییەکانی قژت
دانە دانە ژمار دەکەم
کۆی هەموویان ..
دابەشی دوو دەکەم ، ئازیز
تابزانم ..
چەند ساڵە هاوڕێی سەفەری
عومری پڕ مەراقی منی .. !!

بانگم .. بکە
بەلێوت نا .. بەچاوانت
بێزارم لەوشەی دوو فاق
من دەمەوێ
مۆدێکی نوێی عیشق فێربم
دوور لە نیفاق ..

روت بەرەوە ..
لەجلەکان ، نا .. لەدەمامك
من گوێ نادەم بەمۆدێلی جلەکانت
بەدوی پاساوا دەگەڕێم
بۆ جوتبوونی
پێم لەگەڵ هەنگاوەکانت .

پەرۆشم بۆ بیستنی قاقات
بەگوێ نا .. بەهەستی شەشەم
ئاخر هەر پێنج هەستەکەی تر
ناپاکیان لەگەڵ کردم
من هەندێ .. جار
لەگەرمەی جەنگی  ئەم هەموو
رۆژگارە بێ مانایەدا ..
کەمەراقەکانی لەخێزانی قارچکن و
هەر لەخۆوە هەڵەتۆقێن ..
ئارەزووی کەمێ عیشق ئەکەم
تۆ بڵێی- (تا ) م  نەبێ ، گوڵم !؟

تۆ لەکوێ بی ..
ژیان ، لەوێ لەدایکە بێ و
جوانی ، لەوێ
ئێسکە نەرمەی بێ ، پێ ئەگرێ
تۆ لەکوێ بی ..
سۆز ئەبارێ و دڵی منیش
وەکو پاسارییەکی تەڕ ،
هەڵدەکوڕمێ

ئەمشەو، مانگ هەر لەتۆ دەچێت
بەوپەڕی جوانیەوە دیارە
دەموچاو ، پان ، سپی و خڕپن
دڕی بەتاریکی داوە ..
وەلێ هێشتا بەتۆ ناگا
لەبێ ماچییا ، ئەم لێوە بزرکاوە !!

هەندێ جار .. بەدزییەوە ئەژین
بەدزییەوە خەونیش ئەبینین
بەدزییەوە عاشق ئەبین و
رەنگە هەر بەدزییەوە .. بمرین
ئێرە خاکی ..
دزو جەردەکانە . گوڵم
بۆیە بەدکردارە دڵم

قەرەجێك ..دڵمی فڕاندو
لەگەڵ ڕەشەبادا گوزەشت
دەڵێن گوایە .. قەرەجەکان
دەچنەوە سەر نەسلی حەوا
دەتبەن بۆ دۆزەخی عیشق و
بێ بەرییت دەکەن لەبەهەشت

گلەیی لەو بایە دەکەم
کەزیت فریو ئەدا ، بفرێ
هەندێ جاریش ..
هەر بەئەو ، ئیرەیی دەبەم
کاتێ ئارەقەی لا ملت، نەرم دەسڕێ
لەنێوان ئەم دوو ڕەوشەدا
تیغی ئەڵماسی دوودڵی
گەندەموی ئۆقرەییم دەبڕێ

وەك چۆن قژی سیاهی شەو
سەری کۆسار دائەپۆشی
تۆش بەقژی سیاهی خۆت
دۆندی بەفرپۆشی سەرم داپۆشە .. یار
پێش ئەوەی لەپەڕەی نۆتەی
ئەم کۆنسێرتی ئەڤینەدا ببمە ... یادگار
ژیان فرە کورتە ، ئەی یار.. !!

**(کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی)**

**گوڵم .. من و**

**خۆم و  هەست و هۆش و دڵم**

**کۆبووینەوە  بە پێنج قۆڵی**

**تا ڕێکەوین لەسەر ماوەی مانەوەی تۆ**

**لەسەر کورسیی عەرشی ئەڤین**

**تا ئەو ڕۆژەی ..**

**لەگەڵ پێدەشتی هەولێرا هاوتا دەبێ**

**کێوی .. سەفین**

دڵم دەفڕێ ، بۆ چرپەیەك
بیدەم بەگوێی .. حەبیبەیا
ڕاوچیی مەراق ..
بەساچمەی تاپڕە کوێرەکەی ،
شاباڵی خورپەم دەپێکێ ..
کەی وەرزی ئەڤینە ، گوڵم
ئەم سەدەیە .. !؟

خوداوەندەکان .. بۆ ئێوە
خوداوەندی پیت و جوانی
خوداوەندی
جەنگ و موڵك و پاسەوانی
خوداوەندی سزاو تاوان ..
ڕق و تۆڵەو میهرەبانی ..
من لەگشتیان بەدگومانم
گوڵ بەخوداوەندی جوانی و
ژن بەئافرۆدیت دەزانم .

تا چاوەکانم کز نەبوون
وەرە با تێر تەماشات کەم
تا گوێیەکانم کەڕ نەبوون
پێبکەنە تاکو ئەتوانی
تادڵم گرمەی تێدایە
لێگەڕێ با تۆم خۆشبوێ
تاکو لەزاریش نەکەوتووم
با لەلێوت بنەخشێنم
وشەی ماچی جاویدانی..
من دەزانم ..
بەعیشقی تۆ گەنج دەبمەوە
لەموحتاجیی منیش بۆ ماچ
تۆ... دەزانی

کەپاییز دێ ..
خۆم بەخاکی
بەرپێی دارێ دێتە بەرچاو
تۆش .. بەکۆشێ
گەڵای بەسەرسنگما ڕژاو
هەی های لەم خەیاڵی عیشقە
چۆن دێ .. لەپڕ
چۆنیش جێم دێڵێ ، لەناکاو
خەزانی عومرە ، ئەزیزم ،
دڵ .. خڵەفاو !

لەبەرکرێوەی هەستی تۆیە ، من
گڕکانی دڵم قوڵپە قوڵپێتی
سەرباری ئەوەش
ئەی کێوی خەم سارد
پێم دەڵێی ، شێتی .. !؟

ئەو دڵەت ، سەر
بەکام چاخە بەردینەیە !!
من نەزیفی سەیلی عیشقم لەبەر دەڕواو
ئەویش خەوتووی نێو ئەشکەوتی
کپ و بێدەنگی سینەیە

من هیچی دیناڵێم ، ئیتر
زۆرم وت و
شەماڵ بەلای گوێتا بردی
دڵم تا دوا دڵۆپی خوێن
نەزیفی عیشقی لێ بەربوو..
سەیلی ئەویش
دڵڕەقی و بێ خەمیی ، بەبەر
پێتا بردی
من هیچی تر ناڵێم ، ئیتر

لەو ڕۆژەوەی ..
تۆ بەشەقامی خەیاڵما پیاسە دەکەی
سەرم بووە بەهۆڵێکی ئاهەنگ گێڕان ..
تەنانەت من ، گوێی لەخۆشم نییە کاتێ
بەدەنگی بەرز .. بانگم دەکات
تۆ ژنێکی
چەند جوان و جەنجاڵی گوڵم
خاتوو .. مێخەك !!
دەڵێی گشت کچانی حەوا
وان لەتۆیا .. !

حەزلەترێی چاوت دەکەم
ئیشتیهای ، لالەنگی لێوت
باوەجو .. ئای لەو حەسرەتە..
حەکیمانی شار بەکۆی دەنگ
مەنعی شیرینیم لێ دەکەن
دەڵێن ؛ کڵۆڵ .. تۆ شەکرەتە

گوڵم ، شەو باش
ماوەیەکە مەراقی ژیان
ڕێی نەداوم .. ڕۆژی سەدجار
پێت بڵێم .. گیان !!
دڵنیا بە ، وەلێ هەرواش
عیشقت نەبێ ،
چرکەیەك ژین بەڕێ ناکەم
دەزانێ .. خواش
گوڵم ، شەو باش ..

دەزانی چەند خۆشمدەوێی .. !؟
پەرۆشیی بارانت دیوە بۆ ماچی خاك،
دەمەو پاییز .. !؟
گوێت لەشڵپەی شەپۆلی دەریایە بووە،
کاتێ بەئامێزی نەرمی
گابەردی کەنارێ دەگات .. !؟
بریقەی چاوی ئەستێرە دەخوێنیەوە،
شەوی ژوانێکی هاوین .. !؟
کڵۆیە سەهۆڵت دیوە چۆن بۆ زوڵفی،
پەرێشان و ئاڵتوونی خۆر .. دەتوێتەوە .. !؟
ئەی پەڕەسێڵکەت نەدیوە هەموو ساڵێ
دێتەوە بۆ هەمان گوێسەبانەی پێشوو .. !؟
گەر ئەمانەت هیچ نەدی بێ ،
بێگومانم کەنازانی ..
دەبێ حاڵی .. بەندە چی بێ .. !!

چەند دوور دەڕۆین ..
گوڵم ئێمە ، چەند دوور دەڕۆین
دوورتر لەمەودای خەیاڵ و
توانای ڕاو بەتیری دیدە ..
دوورتر لەپانتایی خەون و خۆزگەکانی
موسافیرێکی .. گەڕیدە
لەکاتێکدا ، گوڵ لەبەر لوتمانا دەڕوێ
لەکاتێکدا ، پەروانە بەڕیتمی گەرمی
هەناسەی ئێمە ، دەڕەقسێ .. !!

کلیلی دەرگای ژیانم
نابەخشم بەهەموو کەسێ
تا لەنامەکانی دڵی
جوان تێنەگەم ..
چونکە کەیفم نییە ڕۆژێ
یەخەی بەخت و قەدەر بگرم
یاخود بڵێم .. پەشیمانم

گوڵم تەمەن چ زوو دەڕوا
لەمن هێزی هۆش و جەستە
لەتۆش تامی منداڵێتی ..
دەترسم ڕۆژێ بێ ، ڕەنگی گوڵەکان و
ناوی هاوڕێکان و دەنگی
پێکەنینەکانی ئەوسام بیرچێتەوە
ئەگەر وابوو ، روحی بابە فریامکەوە .. !!

کۆدەکانی ئەڤین ، تەنها
لەچاو دایە
کەچی ڕەشماڵی ئەگریجە
دادەپۆشن .. کەی ڕەوایە !!

ئەو زمانەی
هەموو دونیا لێی تێدەگا ..
هەر چاوە ، چاو
نەفەرهەنگی زاری دەوێ
نە وەرگێڕی ڕێپێدراو..
کەچی دەمی کەزی دەگرن
نەبا بیکات بەژاوەژاو .. !!

خۆ ماوێتی ، تەمەن هێشتا
خۆ ماوێتی .. !؟
بەشی چەند ماچێکی ترو
چەند باوەشێ .. گەرم و گوڕو
چەند دزەیەکی تری نیگا
بەخەونە حەرامەکانا ..
چەند ڕەوێکی تری پەنجەش
بەنێو باخ و ڕەزی قژو
ناخی خانمە پاییزێکاو
هەڵدانی چەند پێکێکی تر
لەبادەی مزری بێ عاری و
چنگێ مەزەی قسەی نەستەق
کەئەم رۆژانە باوێتی ..
خۆ ماوێتی ، تەمەن هێشتا
خۆ ماوێتی !!

ترس و شەرم و گوناهو زەم ،
چوار پشیلەن
بەدیار چۆلەکەی عیشقەوە
خۆیان مەڵاس داوە لێرە
بەکامی دڵ .. حەزم دەکرد جووتێ باڵم
لێ بڕوایەو بفڕیمایە
لەدەست ئەم ئازارە سوێرە !!

من سروشتی خاکم هەیە
هەموو ڕۆژێ ماچی بارانم بەرکەوێ
تێر نابم و .. وشك ئەبمەوە
بۆ پێشوازی ..
ڕێژنە بارانی بەخوڕی ماچێکی نوێ

دەڵێی .. باران
بەپەنجە وروژاوەکانی
ختوکەی سنگ و کەمەری
درەختێکی ئاڵۆش ئەدا
بۆیە منی .. پیرە ماسیش
لەقوڵایی گۆمە مەنگێ ..
لەگەڵ هەموو بارانێکا
زنگوڵە کۆنەکەی دڵم
ئێرۆتیکانە .. دەلەنگێ .. !!

دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم
بۆ نموونە .. گشت بەیانێ
تاچاوەکانت هەڵنەیەن
من بەڕۆژی حیساب ناکەم
گشت شەوێکیش ..
تا پەنجەکانم لەقژتا نغرۆ نەبن
لەدرێژیی شەوی زستان
عیتاب ناکەم ..
چونکە تەنها تۆ ژنێکی
قژ قەترانیی چاو کەژاڵ نیت
گوڵم ، بۆ من .. تۆ گەواهی
هەموو وەرزەکانیساڵیت .

پێم بڵێ .. چۆن
برژێمە نێو هەناوتەوە ؟؟
خۆ ئەگەر من ڕووباریش بم
ژیان تەنراوە بەخەمی خوارو خێچ و
بە گابەردی ..
حەسرەتی ڕەقی بێ پایان
پێم بڵێ .. کەی
تەمی بێزاریت لادەچێ و
تاقەتی شەپۆلەکانت هێور دەبێ ؟؟
تا منیش بێم .. ژنە ئۆقیان !!

لەبەرگم تێ ڕامەمێنە
من گۆڤارێکی پڕ وێنەی
ڕەنگاوڕەنگ نیم .. !!
کەمێ قوڵ بڕوانە ، گوڵم
تامی گوێز لەکاکڵەدایە

ئێوە .. هەموو
لەڕەشیی شەودا ئەگەڕێن
بۆ بریقەی ئەستێرەکان
کەچی من بۆ..
شەوقی دوو گلێنەی سیا
لەدوو ئاسمانی سپییا .. !!

بەئەزمون ترین دزە عیشق
بێ کلیل ، دەتوانێ دەرگای
هەموو دڵێ ئاوەڵاکاو.. خاوەنەکەی .
بخاتە سەرساجی عەلی !!

ڕەنگە پێش من هەزاران کەس
عاشقی تۆی ژن بوو بێتن
ڕەنگە دوای من
هەزارانی تریش دیسان
شێت و پەریشانت ببن
وەلێ قرچەی دڵی هیچیان
ناگات بەنێڵەنێڵێکی
ئەم دڵەی من

پرسیارت کرد ، گوایە چۆنم
وتم .. باشم
ئاخر گوڵم ، من حەزم کرد
بۆ ئەوەی تۆ دڵتەنگ نەبی
پەیکەرێکی جوانی درۆت بۆ بتاشم .. !!

لەکاریلەیەك دەچوو
لەنێو جەنگەڵا ون بوو
جەنگەڵیش پڕ لەگورگی
نێری چاوزەقی بەدخوو
کەگەیشتە ئاستی بینم
وەرمگێڕا .. جەبینم
وتم ، نەبا لەچاویا
گورگێکی تر ببینم
گوڵێکم دی .. لەبازاڕ
نوێ گەشاوەی نەوبەهار
نەی دەزانی کو بڕوا
لەبەر تیری چاوی هار

گوڵم ، ئاوڕدەوە نەختێ
هەزاران هەنگاوی جێماو
دڵت دوورکەتۆتەوە لێم
چەند قولانجێ میهرت هەبێ و
بستێ .. مروەت
نەبا نێوانی من و تۆش
ببێت بەمەودای نێوانی
خەڵك و حکومەت .. !!

هەندێ دڵداریش گەندەڵن
روح دەبەن و دڵ دەبەن و
سۆمای هەردوو چاوەکانیش
جێ لێویکیش جێناهێڵن
لەسەرساجی ..
لێوە هەڵقرچاوەکانیش !!

من ناڵێم .. وەرە
تا خۆت وەکو شەو
لەپاش ڕۆژێکی تاقەت پڕوکاو
بڕیار نەدەی بێ .. !!
من ناڵێم .. وەرە
تا لەخوێندنەوەی خۆت نەبیتەوەو
چرای چاوەڕوا .. نی هەڵنەکەیت و
نەزانی عەودا .. ڵی هەواڵی کێ ..!!
من ناڵێم .. وەرە
تا پێکی دڵت عیشقی لێ نەڕژێت
من ناڵێم .. وەرە
تاگشت قوژبن و سوچێکی ناخت
تەونی پەرۆشی و پێویستی نەگرێت .

بۆنکرۆزی ڕوحم لێدێ و
بەجەستە .. شێرە بەفرینەم
کەچی ئاواش لەڕێی عیشقا
لەچاوەڕوانی ناکەوێ
ئەم چاویلکە زەڕەبینەم .. !!
ڕەیقیبان پێم دەڵێن ، دیارە
وڕێنەی لەرزی زستانە
ئەم .. قسانە
تێناگەن ، چۆن پیرە داری
پرپشکی عیشقی بەرکەوێ
چ گڕبارانێکی هەستی
لێ ... دەبارێ !!

من پیاوێکی بەختەوەرم
چونکە لەم چاخەبەردینەی
دڵەکانا
هێشتا دڵێ ماوە ، نەرم و
نۆڵ و نیان
هەموو رۆژێ .. شێنێ شێنێ
بەرانبەر ئەم
کەوە بیمارەی دڵی من
عیشق .. ئەخوێنێ !!

چاوەکانت ڕەشن هەروەك
بەختی سییام ..
تۆ لەهیچ گوڵێکی تر ناچیت
هێندە جوانیت
منیش لەگشت عاشقەکانی
سەر ئەم گۆی زەمینە جییام .. !!

لەگوڵ .. ناچیت
جوانترین گوڵ
تامەزرۆیە لەتۆ بچێت ..
ئاخر .. گوڵم
لۆژیکی تیا نییە ، خالق
بشوبهێنرێت بەمەخلوق

من پیاوێکی رۆژهەڵاتیم
وەلێ تاسەر ئێسك یاخی و
شێت و لاسار ،
لە جوانی پەرستیدا
گوێ نادەم بەنامەی قەدەر
گوێ نادەم بەڕەنگی بەختم ..
حەزدەکەم گشت ڕەنگاڵەکان
لەسەر لقی شیعرەکانم بنیشنەوە
لەعیشقا من .. وەك درەختم .

دەی عیشق وایە ..
دەتکا بەکۆیلەی کۆیلەیەکی خوا .. !!
گوڵم ، عەدالەت
لەم عیشقەدا کوا .. ؟؟

**شاهەنشای عەرشی سەرزەمین**
**ئەو پیاوەیە ..**
**بێ ئەوەی میچی تەلاری**
**تا کەشکەڵانی فەلەك بێ ..**
**بێ ئەوەی چینی سامانی**
**یەك لەسەر یەکتر کەڵەك بێ ..**
**بەسۆز تر لەئاوازی نەی**
**ژنێك ، بەنەرمی بەگوێیدا بچرپێنێ**
**( بەختەوەرم .. چونکە تۆم هەی )**

ببووره ئەی پەری شیعر..
مێشکی بەمەراقەوە ماندووم
هەندێ جار فرسەتم نادا
دەستم بگاتە قەڵەمێ و
روخساری تۆی پێ وێنەکەم
تا پێی دەگەم ،تۆ هەڵدەفڕی و
کاسەی سەرم .. دەفری بەتاڵ
وەرزی خلیسکێنەی عومرە ئازیزەکەم
پیرەمێردێکی چەماوەی
گۆچان بەدەستیشە ، خەیاڵ !!

من ، مایکافیلیانه عاشقم
تۆ ، شوێنکەوتەی مۆنالیزا
گوڵم دەبێ لەم جەنگەدا
چ کارەساتێك .. ڕوو بدا ؟؟

ئەی مانگەشەو
بێمنەت بە لەکۆچ و ڕەو
چونکە لەماڵی ئێمەدا ،
ئەستێرەیەك
بەیانیان لەخەو هەڵدەسێ
هەتاو .. ئیرەیی پێدەباو
عەوداڵە بۆ فریاد ڕەسێ

نوکی خامە
کەخۆی دەگری بەپەنهانی
ئەمن چ بکەم ..
غەیری ملدان بە فەرمانی
ئاهی شیعریش ،
کەزادەی مەراقی دڵ بێ
چیت لەخامە دەوێ ، زیاتر
لەیاقوتی نێو سەدەفی ناخی پەنگ و
دوڕڕو مەرجانی گریانی !

ئەو پێکەنی و
من ماهی یەکشەوەم بینی
لەژێر پێڵوی چەمانیشی دوو ئەستێرەی
جیلوەداری پڕ بزێوی ..
بریا لەبان ڕومەتیشی دەکرایەوە
چرۆی دوو گوڵە ماچی کێوی .. !!

نەگویێ بەکات ئەدەم ، نە شوێن ..
تەنها حەز دەکەم ئەوەندەی
ئەهلی ئەشکەوت ،
لەسەر سەکۆی سنگت بنووم
ئەی خەم ڕەوێن

لێم بپرسن .. ژیان چییە ؟؟
دەڵێم ، ڕەنگە ..
خواردنەوەی چایەکی تاڵ بێ
بەنانی وشکی عیشقەوە
بەقەندی خەندەوە .. ئەمما
لەگەڵ تۆدا .. !!

وتی .. عیشق بێ مانایە
وتم .. ئەوجا
ژیان گەر عیشقی تیا نەبێ
چیدی تیایە .. !؟
وتی .. بۆ هیچ ناڵێی بەزار ؟؟
وتم .. تۆ سەیری چاوم کە
هەمووی لەوێ دایە .. تۆمار
بەڵێ ، ئەو وایە .. ناوترێ
زەرورە هەستی پێ بکرێ !!

قەرزاری میهری مێ دەبم
ئەودەمانەی .. بەقوڵایی
فەلسەفەی بووندا ،
ڕۆدەچم .. !!

چی دادەپۆشی ، دایپۆشە
قژو شان و مل و سینە ..
تەنها چاوەکانت نەبێ
چونکە زوبانی چاوەکان
زوبانی عاشقانی هەموو
سەرزەمینە .. !!

کاتێ هەتاو .. لەپشتەوە
کەمێ لار لەجەستەم ئەدات
سێبەرێکی قژ درێژو
کەمەرتەنگی سێ بەنگە پان
لەپێش خۆمەوە دەبینم ..
ئەوەی دەڵێ ؛
لەپشتی هەر پیاوێکەوە
ژنێك هەیە .. درۆ دەکات
من دڵنیام ..
لەنێو روحی هەر پیاوێکا
ژنێك ..
سەرداری جەستەیە .

قاوەیەکم بۆ بگرەوە ..
ئەی ژنە بەخت گرەوەکەی
نێو چیرۆکە ئەفسانەکان .
لێرە .. لۆژیك
قوڕی دەستکردی نێو چنگی
هەرزەکارە سەرو ڕیش سپێکانی خێڵە !!

من ناڵێم وەرە ، تاخۆت نەڵێی دێم
خۆ گیاکەڵە نیم
خواکردە لەبەر ڕێگەتا بڕوێم .. !!
من ناڵێم وەرە ، تاخۆت نەڵێی دێم
تکا لەباران ، ناکا .. دەشتی دێم !!
گوڵم ، بێ مەیل نیم .. وەلێ ناچارم
بەبەرزیی بەژنی نەفس گرفتارم .. !!

شتێك بڵێ ..
بۆ نموونه ، بڵێ : چۆنی
تا منی كوڕه سۆفیش بڵێم :
لەدووری تۆ ..
وەختە ببم .. بەماسۆنی !!

لەیەکەم نیگاوە من .. وام
لەسایەی چاوەکانی تۆ
ڕۆڵی شا دەبینم ، گەرچی
کوڕە .. گەدام !!

قەفەس تەنها لەیەك ساتا
ڕۆڵی manای خۆی نابینێ ..
کاتێ دەبێ بەهێلانەی
دوو پەڕەندە دڵی عاشق !!

نیوەی ئەڤین جەنگە ، گوڵم ..
تا نیوەکەی تری ئاشتی تامی هەبێ ..
حیکمەتی ماچ لەودایە ،
دوای زویربوونی لێو لەلێو واژوو بکرێ
بۆ کەسێ . . کە فامی هەبی !!

لەبێ هەستی ئەوانی تر
کەپێویستم بەهەست ئەبێ
پێکێ بادەی شیعر ئەنۆشم
تا بەدەربەستیم مەست ئەبێ

کراسێکی کۆنی عیشقم
ساڵەهایە .. لەبەردایە
گەرچی جەستەم وردە وردە دەچێتە ئاو
کەچی هەر ئەو .. پڕ بە بەرمەو
قولانجێکی نەڵێ زیادەو .. نەلێیشی کەم !

دییەم خشاند بەئەلبومی وێنەکانا
هیچی وام لێ نەگۆڕابوو ، هێندە نەبێ ..
کەمێ بەفری دۆندی سەرو
چەند شەقارێکی ڕوخسارو
چاویلکەیەك نەبێ .. ئەوسا
بۆ جوانیش لەچاوم نەکرد ،
وەلێ دڵم .. هەرئەو دڵەی ئەوساکەیەو
هەنوکەش بۆت دەناڵێنێ
ئەی حەبیبەی ..
ئەمڕۆ زۆر جوانتر لەدوێنێ .

تاری دڵت ..
هەر بەپەنجەی خۆت بژەنە
گرنگ نییە ،
بەکام پەیژەی میوزیکدا سەردەکەوی ..
گوڵم دونیا جێی هەزاران
سەمفۆنیای تیا دەبێتەوە ..
گوێیەکانیش .. ملیۆنەهان
گوڵم ، جوانی لەوەدایە
هەریەکەمان لەسەر ڕیتمێ بێینە سەما ..
لەسەمای ئەوانی تر نەچێ
منیش هەردوو دەستم هەیەو
دەڤی دڵێ ..
بای سەحەری عیشق چۆن بێ
وای دەژەنم ..
تۆ گوڵێکیت ، من عاشقی
جیهانێکی .. گوڵبەدەنم .

خەیاڵەکانم .. هەڵدەوەرن لێم
گێژاوی غەفڵەت .. هەڵیان دەلوشێت
بەرلەوەی دەستی .. لەرزۆکی هەستم .
خرپان کاتەوە ..
خەزانی تەمەن .. بۆ کۆتا دەچێت
هەی های لەهزری ..
بەبێ مەی مەستم ..

خۆشمدەوێی ..
ئاگر ببارێ یان تەرزە
تۆ لەناو ئینجانەی دڵما ، نەمامێکیت
گوڵی سوور دەگری ، چوار وەرزە ..

گوڵم هێندە جوانیش مەبە
تۆ دڵی ئەو حەشاماتە
بەرەو جێ ژوانیش مەبە
خۆت دەزانی هەر ترپەیەك
یاخو دوانیان تێدا ماوە ..
ئەوانیش سەرکوت مەکەوە
بەحوکمی قەرەقۆشیی ئەو
جووتە چاوە .. !!

دڵ ، سروشتی هەنگی هەیە
چاوڕێی عیشقی خودایی
لێمەکە ، تۆ .. ئەی دڕکەزی ..
تۆ هەر دەبەیت و هیچ نادەی
تۆ .. کورت و پوخت بێ فەڕێکی
لەنەسلی خێڵی ژان زادەی .. !!

دەڵێی پەنجە
شمشاڵیەکانی خانمێکی ئازەریی
تارژەنە ، عیشق
گوڵم ، ئاخر بێ بۆنی مێ ..
نەمامی هیچ ئاوازێکی نەوبەهاریی
ناپشکوێ .. !

میچی ئاسمان ،
بەتۆڕی سڵ دامەپۆشە
مێزێك و دوو کوپی قاوەو
مۆمێك لەگەڵ جوتێ کورسی ..
بەسن بۆ شوناسی ئەڤین ،
گەر لەدڵی من .. دەپرسی !!

ئەو پێکەنی و
من ماهی یەکشەوەم بینی لەژێر لێوی
چەمانیشی دوو ئەستێرەی
جیلوەداری پڕ بزێوی ..
بریا لەبان ڕومەتیشی دەکرانەوە
چرۆی دوو گوڵە ماچی کێوی .. !!

دڵم دەریایەکی شێتە ..
هەر کەشتییەك بێتە ناوی
ئەیدەمە بەر شەپۆلی عیشق
دووریش نییە لەنێویدا نغرۆی نەکەم
وەلێ یاران ئیتر دیارە ، دڵم شێتێکی لاسارە ..
گەر بەنیازن بێنە ناوی
چارۆکەکان توند شەتەکدەن
سەوڵەکانتان با لەمس بێ و
بیر لەکەنار مەکەنەوە ..
دەریای دڵم .. بێ کەنارە

گوڵەکان هەموویان جوانن
وەلێ گوڵێك لەنێویانا
شاگوڵە ، لەچاوی منا
ژنەکان هەموویان گوڵن
وەلێ ژنێك لەنێویانا
شاژنە ، لەمەملەکەتی دڵەی تەنها ..
بۆ عیشق خوڵقاوی منا

گوڵم ، زۆرجار هاوڕێکانم
بەهەست ناسك ، ناوم دەبەن
ئەوان نازانن ، بەرلەوەی
تۆ بناسم ..
چ گابەردێ بوو ، ئەم دڵەی
منی .. ڕەبەن !!

هێدی هێدی .. دەڕژێتە خوار
تکەی ئاونگی سەرگوڵی
کوڵمی ژنی ، لەشەرمانا .
بەکەنارکانیی لێویدا ،
تێپەڕ دەبێ بۆ ژێرچەنەو
ئەوجا بەمەڕمەڕی ملدا ،
سێوی قوڕگی جێدەهێڵێ و
بەچاڵی دەفەی سنگیدا
بەدزییەوە دەخزێتە درزی
دەروازەکەی باخی بەهەشت ..
ئیتر لەچاوم ون دەبێ و
منیش بۆم نییە دوایکەوم
منی نیشتەجێی گەڕەکی
خەڵوزانی شاری .. دۆزەخ !!

ئەوانی تر هەموو جوانن
ڕێجیم دەکەن ، دەچنە سالۆن
پێستی لامل ڕادەکێشن
لێو نەفخەکەن ، مەم بە باڵۆن
دەچنە ساونا ، دەچنە گەرماو
بەئاوی گوڵ خۆیان دەشۆن
بەرگی ڕەنگاو ڕەنگ دەپۆشن
جەستە نغرۆ دەکەن بە بۆن
دیزاینی قژیان دەگۆڕن
ڕوخساریان دەکەن بەتابلۆ
ئەوانی تر ، هەموو جوانن
وەلێ هەرگیز ناگەن بەتۆ

**هەڵزنانە ..**
**بەقولەی قافی ئەستەما**
**ئەمڕۆ .. ئەڤین**
**سان تریشن لەدانەوەی**
**قومێ سیگاری تەنیایی**
**ڕق و کینە ..**
**ئەم ڕێیە سەختە ، ئەزیزم**
**کەسی جەنگاوەری دەوێ**
**تۆش موخەیەری ، ئەزیزم**
**لەنێوان بوون و نەبوونا .. !!**

به پەنجەی نیانی نیگای
دوو گوڵە چاوی ..
ژنێك ، لەكەمانی دڵم
هەڵدەسێنێ
ئاوازی عیشقێكی ئاوی ..

هەرلەپشكۆ دەچی ، دڵم
ژنێ باوەشێنی نەكات
دەبێت بەچنگێ خۆڵەمێش

شتێك نییە ،
لەنێو گوڵ و ژنەکانا ،
ناوی (شاجوان)ی جوانان بێ .
ئاخر ژنیش وەك گوڵ وایە
هەریەکەو ڕەنگێکی تایبەت ،
بۆنێکی تایبەتیان هەیەو
هەر یەکەشیان دەیان دڕکی
ستەم ، لەکەمەری دایە .. !!

هەموو دڵۆپەکانی ئاو جوانن
بۆ نموونە ..
شەونمی سەر پەلکە گیای کەسك ،
ئەسرینی سەر کوڵمی سوتاوی عاشقێك ،
یان ئارەقەی سەر تەوێڵ و
لاگەردنی .. کرێکارێ ،
هەموو دڵۆپەکانی ئاو جوانن
چونکە لەنەسلی بارانن .. !!

بەڵێ ، ددانی پیادەنێم
تاوانبارم بەجورمی عیشق
ئەوەش بەڵگەی ڕوون و سادە
ماڵەکەم سیخناخی گوڵەو
دڵیشم ، موعتادی بادە .. !!
لەوە زیاتر چی گەرەکە
ئەوەی بڕیاردەری دادە .. ؟؟

هەرگیز ژن لەبەفر ناچێ
هەر وەرزێ بێ و
لەگەڵ یەکەم نیگای خۆری بەهارێکا
ئەویش .. لاچێ
ژن خۆی هەم بەهارەو هەم خۆر
هەم گوڵەو لەڕەنگ و بۆنا
هەزاران .. جۆر

تۆ کچی بەفری من کوڕی ئاگر..
تۆ لەهەر کوێ بی
من، لەوێ بەهای .. دەبێ وجودم ..
ئەی شۆخی نازدار،
ئەو دەمەی باوەش دەکەین بەیەکدا ،
تۆ دەتوێیتەوەو من دەکوژێمەوە
بەو جۆرە ژیان .. دەکەین بەڕووبار..

بەرلەوەی لەدایك ببین ..
دوو جەستە ڕژانە نێو یەك ،
بەرلەوانیش دوو دڵ چزان بەیەکتر داو
پێشتر لەوانیش دوو کەوان ،
بەتیری ناکاوی نیگای
عیشق ، یەکیان کرد بەنیشان ..
هەنوکە زانیت کەئێمە
مناڵی دوو نیگای چاوین ،
ئەی ژنی جوان ..؟؟

دەڵێی چی ئاڵوگۆڕێ کەین !؟
من گوڵێکی سوور دەهێنم ،
تۆ شوشەیەك شەرابی ڕاز..
من شیعرێکت بۆ دەنووسم لەڕەنگی ئاو..
تۆ بەقاقایەکت .. ئاواز
من لێوی زەرد .. تۆ ماچی مۆر
من شەوی دوورو درێژی چاوەڕوانی
تۆ تەلیسمی گزنگی خۆر ..
من سێوی دڵمت بۆ دێنم
تۆ بزمار ڕێژیکە گوڵم ، بەدەیان جۆر
من باوەشێك پەرێشانی و تۆ مشتێ ناز..
من گوڵێکی سوور دەهێنم
تۆ شوشەیەك شەرابی ڕاز..

**تنۆك تنۆك ،**
**ئاوی عیشقی لێ دەچۆڕی ، زاری دڵم ..**
**دەڵێم ڕەنگە جووتێ لیمۆی**
**زەردی تەڕو پڕی دیێ**
**بەدرەختە ژنێکەوە .. !!**

**دەستی گێڕا ..**
**بەناو گژوگیای لەبەفری**
**تەمەنا نغرۆی سینەما**
**چاوەکانم وەکو دوو بێچوە پشیلەی**
**ڕەش و سپی .. گرمۆڵە بوون !!**

**دەترسم وەك**
**دوا تکەی رژاو لەلێوی پێکی مەی .. بێی**
**ئەودەمەی خەیاڵی مەستیی**
**پەرێشانییم بۆ ئاو لەبیردەباتەوە**
**چ بەدمەستێکی هەمیشە تینووم .. ئەمن !!**

**لەم بیابانی بوونەدا ..**
**تۆ لەتوخمی ئاوی ، ئەی ژن**
**منیش .. ماسییەکی تینوو!**
**ئیتر چ گەمژەیەك ، بڕوا**
**بەو درۆیە دەکا ، ئەی ژن ..**
**ئاو ، لەپەراسووی ماسییەوە**
**خوڵقێندرا بێ .. !؟**

لەحزوری

گڕی مۆمی عیشقا نەبێ
دڵ چۆن دەبێ بەپەروانە ..
دەفی روحیش ،
نەبێتە شەقشەقەی دەستی
سۆفییەکی حوجرەکەی عیلمی مەولانە
نەمنداڵ پێی عیشق دەگرێ
نەزەڕنەقوتەی مەلێکی
پەرۆشی ئەم دارستانە
چڵی درەختێکی زڕی بێ سایە دەکاتە لانە
ئیتر تۆ بۆ تێناگەی ، بۆ
ئەی دڵەی بێ شان و شکۆ !؟

گوڵم ، ئێمە
جووتێ باڵی یەك نەورەسین ..
تۆ ، منێکی لەنێو خۆمدا
ئیدی چۆن دەڵێی دوو کەسین .. !؟

سەما کە ، پڕ بەخۆت ئەی دڵ
هەردەم .. سەما
مەیانی ئەم نیشتمانە
چیتر نییە ، غەیری شانۆی
پڕ نیفاقی سەماخانە ..!

ئەڤین .. تەنها
هەڵزنان و لەئامێزگرتنی قەدی
درەختە ژنێکی رووتی
بێ گەڵای جل نییە ، ئەی پیاو
ئەڤین ، ڕۆچوونە بەناخی
ڕەگوڕیشەی
لەقوڕی شەرما چەقیوی
خەونەکانیشیدا .. وەك ئاو

بەشێکیت لەڕەنگی هەتاو
لەبۆنی گوڵ .. لەتامی ئاو
ئەی ژن ، تۆ ئەی بوونی تەنها ..
بۆ عیشق و ئازادی خوڵقاو .

کەسانێك هەن ،
دووربا ئەگەر، ژین ئەوانی
تیا نەبوایە ..
بەپووشێکم ئەدا ، سەرجەم
سەرو مایە ..

مەستم کە، بەبادەی ماچێ ..
با شێتانە تێر سەماکەم .
گوڵم ، من تاکو مەست نەبم
بەفری شەرمی ئەم تەمەنەم ناتوێتەوە .. !!
چون ، تۆ گوڵێکی جیاوازی
دەبێ دڵیش .. جیاواز بۆنی عیشقت بکا !
ئاخ .. ئەی دوا چڵە لارەکەی تەمەن
چۆن بوویت بەشەقشەقەی مناڵ
بەدەست سروەیەکی باوە .. !!

هەندێ (هاتن)
وەك بارانی بەهارێکی
درەنگ وەختە ..
ئەو دەمەی چرۆ چاوەڕێی
نەرمە ماچی خۆری بەختە ..
ئیدی وایە ، ئەو ڕێسایە
هەندێ جار عیشق سەفەرێکە
ڕوو لەهەورازی یاڵێکی
فرە سەختە .. !

ببينە چۆن بەرز دەفڕم
ئەو دەمەی تۆ پێدەکەنی ..

چەندە بێ نازکات دەڕەفتێ ..
هەر دەڵێی مێردمناڵێکی بێ باوانەو
بەدەم باوێشک و داڵغەوە
تەی دەکا ، ڕێ !

هەموو شتێ جوانە ، گوڵم
گەر پێکەوە بیکەین بەجووت !
بۆ نموونە .. فڕدانی دوو چا ، ئێواران
گڕدانی دوو لێو بەماچێ ..
سەردانی دوو سەرین ، هاوسێ ..
لای نیوە شەو ..
دوریی دوو کراسی کفنیش
بەرلە تەواوبوونی فیلمی ئەم ژیانە ..
هەموو شتێ جوانە ، گوڵم
گەر پێکەوە بیکەین بەجووت
تەنها دواهەمین کۆچ نەبێ
بەنێو گۆمی مەرگا ، وەلێ
بەدوو ... تابووت !

بەسەر هەورا پیاسە دەكەم
بەڕۆژ نوكتەیەك بۆ هەتاو
دەگێڕمەوەو
شەویش قۆڵ دەكەمە ملی
ماهی تابان ،
بۆ خەوێكی نەرمی ئارام .. !!
گوڵم ، لەم سەرزەمینەدا
درۆ .. بەبێ خۆش بوونەوە
دەبارێ بەسەر درەختی
گیانی بێزارو ڕوتەڵما ..
تۆ دەڵێی چی .. دێی لەگەڵما ؟؟

ئەز ، ئەگەر تەنیاتریش بم
لە تەنیایی و
جیاتریش بم ، لەجیاوازی ..
وەلێ هەموو جەستەم دەبێ
بەجووتێ گوێ ،
کاتێ کەسێکی تر ئەدوێ .. !

دەزانی چۆن ،
بەرێژنە جوانی دەبارێ ..
ئەودەمەی شەونمی پیتێك
لەلێوی تۆ دێتە خوارێ .. !؟

ژنێ لەئەندێشەی منا
سەرۆکێکی دیکتاتۆرە ..
بۆ ئەوەی چەك بەکار بێنێ ،
لەنێو دارستانی چڕی ژنەکانا
تاقە درەختێکی بەرزەو
دڵمی کردووە بەسمۆرە ..
ژنێ لەئەندێشەی منا
بەهارێکە هەمیشەسەوز ..
بۆ ئەوەی بارانێ داکا ،
چاوەکانی دوو نێرگزن
لەفەرمانی نیگای عیشقا
ڕۆژێ نەیاندیوە ، وەنەوز ..
ژنێ لەئەندێشەی منا
هەم ڕووبارەو هەمیش کانی ..
هەموو دنیا بیابان بێ
نە ڕۆژی هاژەی لێ ئەبڕێ و
نەبەخشین و میهرەبانی .. !

باران دووگیان بوو لەهەتاو ،
کچێکیان بوو ..
ناویان نا پەلکەزێڕینە !

هەنگ ، لە قەشە
ڤەلەنتاینەوە فێر بووە ..
گوڵە نێرو مێیەکان لەیەك مارەکا
تەنانەت گەر لەچوارلاوە
بە لەشکری ئاگر دەوری باخ درابێ .. !!
تەنانەت گەر بە فەرمانی
سیزاری زریان و بارەش
ئەڤینیش یاساخ کرابێ .. !!

**تۆ لێرەوە مەڕۆ ، ئەی دڵ**
**ئەم تولەڕێیە مینڕێژە**
**بەدڕکی قین ..**
**تۆ لێرەوە مەڕۆ ، ئەی دڵ**
**نە بەهاری لێ سەوز ئەبێ و**
**نە ئومێدی لێ ئەبێ .. شین !**
**ڕوو بکەرە کێوی یاخییان ..**
**ڕێواسی عیشق ،**
**هەر لەبەرزاییا ئەڕوێ و**
**لەم بیابانە قاقڕەیا ،**
**چرۆ ناکا .. چڵی ژیان !!**

من هەوارێ .. پێدەزانم
بێ شەقام و بێ تولەڕێ
بێ دیوارو بێ پەنجەرەو
بێ دەروازەی بەرزی پۆڵا
بێ پەرژینی چنراو لەدڕك
بێ بەربەست و پردی سەر زێ
پڕپڕە لەجوانی و ئەڤین
لەپەیڤین بەزوبانی چاو ،
بەجوڵەی لێوی بێ وشە
پڕ ، لەڕەنگەکانی هەتاو ..
وەلێ .. لەوێ
نەزارت گەرەکە ، نە پێ
بۆ هاموشۆ بەنێویدا
بەتەنها دوو باڵت دەوێ
لەگەڵ مشتێ خۆشەویستی و
چەند قومێك لەنازی ژنێ ..
( باخی خەیاڵ )

نه من هەر خۆمم ،
نه تۆ هەر خۆتی ..
لۆژیکی عیشق ،
وایەو .. وا دەبێ !
وەك توانەوەی
شەکر لە ئاودا ،
تێکەڵبوونی روح
دەبێ سادە بێ .. !!

فڕینی مەلێکی مەستە
بەنێو قوڵایی ئاسمانا ،
بێ ئەوەی ترسی لەداڵ و
واشە هەبێ .. !
( ناخم لەکاتی سەمادا )

پرسە گورگانێیەکی پێ
کردم ، حەبیب ..
وتم خەستەم ،
وتی دەتبەم بۆ لای تەبیب ..
ئیدی ، یاران لەو ساتەوە
نەدەنگی ماو
نەڕەنگیشی لەگەڵ ڕەنگما
بوو بە تەریب ..
(ڕۆژگارێکی سەیرە ، گوڵم)
دڵم لەکۆڕی ئەم هەموو
یارە ڕیاکارانەدا ،
بێ تۆ .. هەرغەریبە غەریب !

ژنێ فێری شیعری کردم .
چ ڕەنگێکی بپۆشیایە ،
گوڵێ ئیرەیی پێ دەبرد ..
ئەگەر سوری بپۆشیایە ،
گوڵەباخێ لێی دەتۆرا ..
ئەگەر زەردی بپۆشیایە ،
نیلۆفەرێ لێی زیز دەبوو ..
ئەگەر مۆری بپۆشیایە ،
وەنەوشە خیشی لێ دەکرد ..
ژنێ فێری شیعری کردم
چ ڕەنگێکی بپۆشیایە ،
گوڵێ ئیرەیی پێ دەبرد ..

هۆیەك نییە بۆ عیشقی تۆ
چ ئاشکراو چ شاراوە
ئەو کارە خالقی ناوێ
هەر خۆی لەخۆیا خوڵقاوە

نیگای گەرمی دیەت بەسمە
هەموو وەرزی تەمەن یەخ بێ
فەنا فی عیشقی تۆیە ، گەر
هەردوو دنیام بەدۆزەخ بێ

وەك شەبەنگی هەتاو ، ڕۆشن
وەکو ئاوی کانی ، ڕوونیش
لەگەڵ تۆ بوونە ، بوون تەنها
بەبێ تۆ بووونە ، نەبوونیش

هەرچەند لەخۆمان ئەڕوانم
جووتێ باڵی یەك نەورەسین ..
تۆ ، منێکی لەنێو خۆمدا
ئیدی چۆن دەڵێی دوو کەسین

گەرغەدری ستەمکارە یاخو جەوری تەتەربێ
بۆ تەوری مەرگە ملم کەیارمەیلی لەسەربێ
نامەردییە ئەتواری خۆپەرستی ، لەعیشقا
دیاری نیە بەخشینە ئەگەرگیان ئەگەرسەربێ

گوڵزارە ئەم هەوارە ... خاکی باوانی یارە
پێم وایە بێ بەرامی هەناسەی ئەو سەقەربێ
پێم خۆشە خودایە گەرقەزای ئەویش لەمن کەی
باقەرزی لەسەرمن بێ هەموو ، ئەو بێ زەرەربێ

سەرگۆنەم ئەکەن ئەهلی بێ سەوادو بێ سەمەر
چۆن گوایە تاقە گوڵێ ئەبێ باخی سەمەربێ
کوێرانە ئەدەن تانە ... لەگوڵدانی دڵی من
دەی وایە کەی ڕەوایە دڵ بێ تانەو تەشەربێ

ئەڤین ئاوازێکە ، بەسوێ
لەتاری هەر دڵێ هەستێ
تەمەن وەک سەعاتی خەوتو
لەجێی خۆیدا ، رادەوەستێ

شەڵاڵی شەونمی گەرمی
راموسانم ئەکات ، خەیاڵ
بانگم ئەکاو روحم ئەبێ
بەسایەقەی شینی ساماڵ

بزەی نازم کەتێ ئەگرێ
هەموو جەستەم پێ ئەکەنێ
دڵم ئەبێ .. بە گیتارو
ئەویش بەقامکی ئەی ژەنێ

تەرکی بادەی فیردەوس ئەکەم
نەفرەتیش لە لێوی پەرداخ
ئەگەر بەپێکێکی لێوت
لێوی سڕم .. بۆ بکەی داخ

چاوت ئەکەم بەمیحراب و
نوێژی عیشقی تۆی تیا ئەکەم
تکەی ئەشکی لێوە بڕژێ
شۆڕشی بۆ بەرپا ئەکەم

نەزریانی مەراق ئەی یار
پەڕەی دڵمان ئەشواتەوە
نەفریشتەی مەرگی ناکاو
پێکی روحمان ئەخواتەوە

وەرە ئەی یار باخی دڵمان
پڕ مێخەک و یاسەمین کەین
ئەگەر تاجی نەمریت ئەوێ
وەرە ئەی یار با ئەڤین کەین

دەمێکە دەمەوێ شیعرێ
بنووسم بۆنی تۆی لێ بێ
هێندەی نیگای چاوەکانت
هەم نیان و هەم بەسوێ بێ

بەخوێنی گوڵ ڕەنگی بکەم
یان بە ڕەنگەکانی هەتاو .. !؟
ڕوحی پەپوولەی لەبەرکەم
یاخو ژێرکراسێ لەئاو .. !؟

وەلێ وادەی کەدێ پەنجە
بۆ ژووانی قەڵەم ببرێ
مەخابن هەر دەمەو خارێ
دامەنی خەیاڵم ئەگرێ

نیشتمانم روو لەخۆری چاوەکانی مێ نەبێ
پەناهەندەی وولاتێکی ژێر پلەی سفری سەدیم
چی لەنانی وشک و ئاوی بێ بەرامەی مێ بکەم
جەننەتم پێ دەن بەبێ مێ یاخییەکی دۆزەخیم

تۆ دەڵێی بەفری ئەمساڵی های بەقولەی قافەوە
دۆندی ئەستەمت گرتووە بە لاف و گەزافەوە
بەسەردانیش جارێ نایەی بۆ شاری وێرانی دڵ
ئەو دڵەی وەك ڕیشۆڵە .. کوورماوە بەتەنافەوە

کۆن و نوێ

( تاڵێ لەزوڵفی هات بەدەستمەوە )
نیازی زیارەتی دوو بەهێ دەکات
دەستی بزێوم .. پێی دەبەستمەوە .. !

(هەزار لێوی دا بەجامە ئاوێ)
نە تینوێتی من بە ماچێ شکا
نە تکەی میهرێ لە لێوی تەڕو
پاراوی ئەویش بەڕێکەوت تکا !!

قەتارەی بەست بەئاهی دڵ،
نیگا نغرۆی چەمی ئەشکم
لەهەجری ئەو فەجرە دیسان
دەڵێم هەڵبێتەوە ، بەشکم

تەواوی عیززەتم دانا ..
لەسەر مێزی قوماری عیشق
لەهەستانا بەنیوەی ما
یەکەی خۆشم ، نەخێر بە(شك)م

بەجەستە شەختەی زستانە ، عومرم
بە دڵ توفلێکم .. تازە پێ دەگرم
لەبەینی ئەم و .. ئەوا مەگەر مەرگ
هەر خۆی بزانێ سەر بەکام دەهرم

رازی دڵم لای ، هەرکەسێ هەڵڕشت
کردی بە لیمۆی گوشراوی نێو مشت
بۆیە لەمڕۆوە .. پەنجەرەی هەستم
سان بۆ هیج کەسێ ناخەمە سەرپشت
تاکو بەیعەتی .. وەفا نەنووسێ
بەماچی سەرلێو ، بەحەرفی درشت

بەجۆرێ ، دڵم تۆراوە
بەدەست وەرزی نەهاتەوە
مەگەر مردن بەلوتفی خۆی
لەگەڵ خۆم ئاشتم کاتەوە

بێکەس ترین بێکەسیش بم
هەناسەی تۆم هەبێ بەسمە
چیمداوە لەخەونی بەهەشت
باوەشی تۆ فریادڕەسمە ..

ئەی ژن ، ئەی جوانترین دیاری
تۆ لەکوێ بی ، بوون لەوێیە
هەر کوێیەکیش تۆی لێ نەبی
کێ دەزانێ ، ئەوێ کوێیە ؟

## تەخمیسی متەوازع
## بەروخسەتی حەزرەتی نالی

.......................

بینابیم هەنگ ، چەنێ بێزارە بێ تۆ
دڵم دەفێکی چەن غەمبارە بێ تۆ
هەیکەلم داهۆڵی بێکارە بێ تۆ
نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ
نەچم شەرت بێ هەتا ئەم خوارە بێ تۆ

.......................

لە بێ لوتفی فریشتەی مەرگ دەڵێم وەی
دەگری دڵەی هەتیوم .. هەی لە نەغمەی
گومانم هەس ، فوغانە یان نەوای نەی
وتی ، نالی ... ئەتۆ بمرە ، ئەمن دێم
خودا کەی بێ خودا کەی بێ خودا کەی

تەخمیسێکی متەوازع شەوی یەڵدا
بەڕوخسەتی حەزرەتی بەرزی نالی ..

..................................................

بەهەستی دەست دەڕۆم لەم ژووره ئەمشەو
دەڵێی ئەشکەوتی کێوی تووره ئەمشەو
بەشوعلەی روت ڕوحم مەجبووره ئەمشەو
( شەوی یەڵدایە، یا .. دەیجوره ئەمشەو
که دیدەم دوور لە تۆ بێ نوره ئەمشەو )

لەبەختم ، زوڵفی (هات)یش لولە قوربان
لە چوونت ، چوارپەلم مەشلولە قوربان
که (مان) م ، هەر لەتۆ مەسئولە قوربان
( دڵم وەک حاکمی مەعزولە ، قوربان
خەڵاتی وەسڵی تۆی مەنزوره ئەمشەو )

سەرم مەستی شەرابی عیشقی تۆیە
نیگام دیلی سیحری جووتێ برۆیە
بێ تۆ زارم بێزاری گفت و گۆیە
( دڵیش مایل بەدیدەی تۆیە ، بۆیە
لەمن وەحشی و ڕەمیدەو دوورە ئەمشەو)

لەبەرکێ دا بوەستم دەستە وەستان
بۆ غەیری تۆ کوفرە سجود و هەستان
بەمن چی تەختی عەرشی حەق بەدەستان
( کەتۆی شای کەج کولاهی دیدە مەستان
چ باکم قەیسەرو فەغفوورە ئەمشەو )

چ تەونێکی نەرم و نیانە داوت
لەئاوریشمە یا لەئەگریجەی خاوت
چ زەنگێکی ڕوح وروژێنە ناوت
( لەخەو هەڵساوە یا ئاڵۆزە چاوت
هەمیشە وایە یا مەخمورە ئەمشەو )

## تەخمیسێکی متەوازع لەسەر شیعری
## (تاوێ نەگەڕا)ی مامۆستا گۆران

..............................................

ڕوی تیژی لەکێ کەم بۆ غەزا ، تیری عیتابم
بۆ نابێ عەیامێ لەخەفەت نەختێ جودا بم
ئالوودە دەبم وەختە بەخەم غەرقی عەزابم
تاوێ نەگەڕا چەرخی موخالیف بەحیسابم
بێ ناڵە نییە سانیەیەک .. تاری ڕوبابم

سەرکەش بوو لەگەڵما قەڵەمی دەستی قەدەرنووس
حەرفێکی نەنووسی لەسەفا ، لەسەر بەردی لووس
زەنجیری ئەدەب بوو لەمەچەکما .. داب و نامووس
هەر لەحزەیەکی مەهدی هەزارگریە بوو ئەفسووس
ساڵانی مناڵیم و هەموو عومری شەبابم

هەر بەفری خەم و حەسرەتە بێ وادە لەپڕ دێ
وا پەیکەری بەفری تەمەنیش .. خەریکە بڕمێ
بێزارم لەیەک ڕەنگیی بەفر .. رووکەمە لای کێ
گەر راستە مەلەک نامەیی ئەعمالم دەنووسێ
با سوور بێ وەکو خوێنی جگەر ، خەتتی کیتابم

هەر دەردە دەڵێ خاکی دڵت باخ و چەمەنمە
هەم دەردە کەسایەی سەفەری روحی رەبەنمە
یان دەردە وەکو بەردێ لەسەر سەیلی تەمەنمە
ئێستە خەلەلی عافیەتیش ، باری بەدەنمە
هەر دەردە ئەدا پاچی .. لە بونیادی خەرابم

پێ ناچێ کەمێ لاچێ ، لەشانی شەکەتی من
بۆ جارێ خەمی بارێ ، لەبەختی سەقەتی من
یا کوێرە چاوی قەدەر لەدەست و لەخەتی من
زیاتر سەبەبی عەقڵ و شعوورە خەفەتی من
بۆ غەفڵەت و نسیانە هەموو نۆشی شەرابم

بێچارەیە ئەم زەخمی خەمە ، بێ فەڕە ئەسرین
بێ باڵە کەوی روحم .. ئیتر بۆ چیە پەرژین
من ناخم کەعەمباری هەناسەی سەردە چین چین
ساقی بەفیدای دیدەیی مەخمورت ئەکەم دین
لێو ڕێژم دەوێ پیاڵەیی مەی ، ئەجری سەوابم

( کۆتایی )

دەترسم دوا دەرفەت نەبێ ، بەر لەدوایین ماڵئاوایی
لەوەرزی بارینی مەرگا ، پێتان بڵێم : خۆشم دەوێن
وەلێ تەنها باش بزانن .. بۆ قەتماغەی زامی دڵم
هەر ماچێك و باوەشێكی ئێوەم بەسە لەبری هەوێن